# ژنانی کرێکار لە ژێر چەوسانەوەی دوولایەنەدا



## اشرف دهقانی

اردیبهشت تا مرداد ۱۳۸۹

# كرێكارانی ژن لە ژێر چەوسانەوەی دولایەندا!*

## بەشی یەكەم

سیستەمی سەرمایەداری خاوەن دەسەڵاتی ئیران، كە سەرمایەداری ئێرانی و بێگانە، لە بەرهەمی دەستڕەنج و ئەركی گرانی پێسپێراوی كرێكاران مشەخۆری دەكەن، هەر وەها بە "تیجارەت لە گەڵ گۆشت و پێستی مرۆڤ" ڕستەیەك لە ئینگلس لە كتێبی چۆنیەتی چینی كرێكار لە ئنگلستان) سودێكی زۆر وەدست دێنن، كرێكاری ژن وەك بەشێك لە چینی كرێكاریان خستوەتە بەر هێرشی گەورەترین چەوسانەوە. ژن دو جار لە لایەن سەرمایەدارەكانەوە ئەچەوسێتەوە، جارێك وەك كرێكار، هەر بەو چەشنە كە پیاوان لە ناو چێنی كرێكاردا ئەچەوسێنەوە، و جارێكیش وەك ژن. سەبارەت بە ژن، ئەم دیاریدە زاڵمانەیە لە هەموو كۆمەڵگایەكی سەرمایەداری وە بە چەشنی جۆراو جۆر و لە پلەی جیاوازدا بە دی دەكرێت. بەڵام، **لە كۆمەڵگای ئێمەدا سەرمایەدارە خۆی و بێگانەكان كە لە ڕێگای كۆماری ئیسلامی ڕژێمی پەسەند كراوەكەیانەوە، حوكم دەكەن، چەوسانەوەی ژن یەكێكە لە توندترین چەشنی چەوسانەوەیە.**

لە ژێر دەسەڵاتی رژێمی پارێزەر و پشتیوانیكەری سەرمایەداری لە ئێراندا، سرمایەدارەكان لە پێناو زۆر و زەبەنگ و ئێش و ئازاردانی بێ سنوری كرێكاران و پاڵپێوەنانیان بەرەو برسیەتی و مەرگی هێدیكا، هەلیان بۆ هەڵ كەوتوە كە سەروەت و سامانێكی زۆریان دەست كەوێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چاختر و قەڵوتر بن. بەشێك لەم سەروەت و سامانەی ئیستا، پاشكەوتی ئەو هەلو

مەرجە ستەم کارانەیە کە زاڵە بە سەر  کۆمەڵگادا و  بەرهەمی ڕەنج و ئازاری کریکارانی ژنە کە گیرودەی ژیانێکی پڕ لە ئیش و ئازارن.

بە چاو پیاخشانێک لە هەل ومرجی کار و ژیانی کرێکارانی ژن و کەم و کورتی موچەکەیان لە پێناو کارێکی زۆر و ماندوکەردا، پلەی ستەمکاری سەرمایەدارەکانمان بەرانبەر بە بەشەی چینی کرێکار بۆ وە دەردەکەوێت. لە کۆمەڵگای ئێراندا زۆر ڕوونە کە سەرمایەدارەکان بۆ کارێکی بەرابەر ئەو موچەیەی کە بە پیاوی ئەدەن بە ژنی نادەن.

موچەی نابەرابەری ژن بۆ کارێکی یەکسان لە گەڵ پیاو، ستەمێکە کە لە هەموو کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری لە جیهاندا بەر دەوام هەبووە و ئیستاش هەر هەیە. بەڵام لە کۆمەڵگای ئێراندا، سەرەڕای پیاور سالاری حاکم و پشتیوانی کوماری ئیسلامی لەم داب و نەریتە کونەپەرستانە، زوڵم و زۆر و سوکایەتی کردن بە ژن بە یاساکانی ئیسلامی دواکەوتوو بە گونجاو دەزانرێت و لە ڕواڵەتدا ئەبێت شتێکی ئاسایی و سروشتی بێت.

ئەگەر لە ڕوانگای سەرمایەدارەکان و (کوماری ئیسلام) پارێزەری بەرژەوەندی ئەوانەوە، ژن بە زات، خاوەن چەند تاییەت مەندی و چەند سیفەتیبە ناپەسندە و ناڕەوایە، ئەگەر لە یاسای کوماری ئیسلامیدا، ژن وەک ڕەگەزی دوهەم ناسنامەی ڕەگەزپەرستانەی بۆ دەرچووە، تەنانەت تاوانە نا ئینسانیەکانی سەدەی ناوەڕاستی خراوەتە پاڵ، بە گەشتی ئەگەر هەل ومەرجی ئەم کۆمەڵگایە کە کوماری ئیسلامی پێکی هێناوەو بناغەکەی لە سەر پیاوسالاری و دژایەتی کردن لە گەڵ ژن دامەزراوە، بۆ سەرمایەدارەکان نەتوانن، تەنیا لە بەر ژن بوون و ئەمە کە ژن لە

پلەی دوهەمی کومەڵدایە و وەک ڕەگەزێکی پەست و بێ بەها دانەراوە، کەمترین موچەی پێ بدەن. هەر وەها بۆ نەتوانن لە پێناو پشتیوانی هەمە لایەنەی کوماری ئیسلامیەوە بە بێ گیرو گرفت ژنە کرێکارەکان دولایەنە بچەوسێننەوە؟

**ئەگەر تۆزێک قوڵتر لە مەسلەکە بڕوانین بۆمان دەردەکەویت کە لە ڕاستیدا کوماری ئیسلامی تەنیا لە بەر پارستنی پەرژەوەندی سەرمایەدارەکان و فراوانتر کردنی سودی ئەوان، هەر لە سەرتای گەیشتن بە دەسەڵات بە توند و تیژی کەوتە دژایەتی لە گەڵ ژنو پەرە پێدان بە فەرهەنگی پیاوسالاری، لە کاتێکدا بە سەرکوت کردنی ژن، کەوتە سەرکوت کردنی هەموو کۆمەڵگا و هەل و مەرجێکی وای ڕوخساند، کە چەوسانەوەی چینی کرێکار بە گشتی و ژنی کرێکار بەتایبەت تێدا ئاسایی بێت.**

لەم نوسراوەدا تێدەکۆشم تا هەموو چەشنەکانی ستەم کە لە لایەن سەرمایەدارەکانەوە بە ژن ئەکریت ڕۆن کەمەوە. بەڵام پێشەکی لە باسی موچەی نابەرابەری کرێکاری ژنەوە بو کارێکی یەکسان دەست پێدەکەم.

**لەم روژانەدا، بوونی ژن لە گۆڕەپانەکانی کار و بەرهەم لە ئێراندا بە ئاشکرا دەبینرێت. بەڵام لە بەر ئەوە کە حکومەتی ئیسلامی لە بڕیک کارخانەو دامو دستگای گەورەی دەولتیو تایبەتیدا پەرژینی بۆ ژنی داناوە، ژنان زیاتر لە کارگە بچوکەکان، لە تەندنی قاڵی، لە هندیک کارخانەی بەرهەم هێنەری شت و مەکی نێو ماڵ (لەم شوینانەدا ئامرازی سادەی نێو ماڵ دروست دەکرێت)، هەر وەها لە کاری کشت و کاڵ و کارەکەری ماڵە دەوڵەمەنەکان، کار دەکەن.**

**قاڵی تەندن** لە میژەوە وەک کارێکی بەرهەم هێنەر بە دەستی منداڵ، بە تایبەت کچی کەم تەمن و ژنان دەێتە بەرهەم. سەرمایەدارەکان بۆ بەرز کردنەوەی پلەی سودی خۆیان لەم کارە دژوارەدا جگە لە سامان دانی کارگەی قاڵی تەندن، ئەم کارەیان بردوەتە نێو ماڵی کرێکارانەوە. یەکێک لە گرفتەکانی ئەم شێوە کارە ئەوەیە، سەرمایەدارەکان تانو پۆو پێویستە سەرەتایەکانی قاڵی تەندن ئەدەنە دەست ژنە قاڵی تەنەکان تا لە ماڵەوە بە هاوکاری منداڵەکانی کاری لە سەر بکەن. بەڵام لە بەرانبەر ئەم کارەدا چەند ئەدرێت بە ژن؟ بە بێ گومان ئەوەندە کە ناتوانێت ژیانی خۆی و منداڵەکانی پێ دابین کات.

بە پێی ڕاپورتێک "لە دێهاتەکانی تەورێز ڕێژەی بەرزی قاڵی تەنەکان، منداڵانی کارن کە لە ماڵ یان کارگاکاندا باشتری قاڵی بە هەرزانترین نرخ دەچنن. سەرچاوە: ("کودکانی کە زود بزرگ شدەاند و بە روز کارگر رسیدەاند" ۱۰ اردیبهشت ۱۳۸۹). بەڵام کاری قاڵی و گلێم کە لەم روژانەدا ڕۆیشتوەتە نێو ماڵە سارد و تاریکەکانی قەراخی شارەکان کە ڕەنجدەرە هەڵاتوەکانی دێهاتەکان پێکیان هێناوە و ژن و منداڵەکانیان لە هەل و مەرجێکی دژواردا خەریکی قاڵی و گلێم تەندنن. ئەم شوێنانە کە لە ڕاستیدا جگە لە کەلاوەیەک تەنگ و تاریک و نماوی هیچیتر نین، هیچکام لە مەرجەکانی کاری قاڵی وەک تیشک و ڕوناکی زۆر، تێدا بە دی ناکرێت و بۆ ئەو کارە ناشیاون. **لەم شێونە نالەبارانەدایە کە ژیانی ڕەشی قاڵی تەنەکان بە خۆڕای و توش بونیان بە چەند جۆرە نەخۆشی گیر و گرفتیتر تێدەپەڕیت،** تەنانەت بە چاو پیاخشانیک لە ئەو شێونانە کە قاڵی تەنەکان بە درێژی و شەو و ڕۆژ کاتی تێدا بە سەر ئەبەن ئەو ڕاستیەمان بۆ وەدەر دەخات کە ئەوان لە چە هەل و مەرجێکی نا لە باردا دەژین و هەر وەها هۆ سەرەکیەکان کە ئەوانی

وادار کردەو کە ئاوا هەل ومەرجێکی دژوار هەڵ بژێرن چیە. هیچ گومانی تێدا نیە کە ئەو هۆ سەرەکیانە ڕو بە ڕو دەبنەوە لە گەڵ هەژاری و برسیەتیەو کرێکارەکانی پاڵ پێوە ناوە بۆ مانەوەیان ئەو ژیانە هەڵ بژێرن. هەر وەها ڕاستییەکیترمان بۆ دەر دەکەویت ئەوەش ئەوەیە کە هەموو ئەمانە هۆکاری ئەوەن کە بە کەم ترین موچە ڕازی بن.

بۆ ئەوەی زیاتر تێ بگەین چونیەتی پێکهاتنی ئاوا هەلومەرجێک بۆ ئاوا چەوساندەوەیەک کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆی کرد لە لایەن سەرمایەدارەکانە باس دەکەین، پێویستە کە بزانین **بەرابەر بە یاسای دژ بە کریکاری کوماری ئیسلامی کرێکارانی قاڵی تەن بەشێک لە چینی کرێکار نین، چەند ساڵە کە بە پێ ئەم یاسایە ناوی کرێکار لە سەر ئەم بەشە لابراوە. مێژوی ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ دەورانی ئاخوند خاتەمی، فریو کارو پارێزەرەی بەرژەوەندیو زڵم و زۆری سەرمایەداری.** لە کاتی سەروک کۆماری ئەم داشەی ڕژێمدا هەڵویستیان دەرکرد کە قاڵی بافەکان کرێکار نین و لە ئەنجامدا یاسای کار ئەوان ناگرێتەوە. بە واتایەک سەرمایەدارەکان بەرانبەر ئەم بەشە لە چینی کرێکاردا لە هیچ بوارێکدا بەرپرس نین. هەر لە بەر ئەمە ئەو سەرمایەدارانە کە دەستیان لە ناو کاسبی قاڵیدایە، نە تەنیا بۆیان هەیە لە ئاستی کارێکی قورس و گراندا موچەیەکی زۆر کەم و بێ بەها بدەن بە کرێکارانی قاڵی، بەڵکو دژواری دۆخو مەرجەکانی ژیانی کریکارانو بیمەی دەرمانیو تەنانەت ڕوداوەکان لە کاتی کاردا، خۆیان بە برپرس نازانن. بەم شیوەیە و لە پێناو یاسادا ئەمانە کرێکار نین و ژمارەیەکی زۆریان منداڵ و ژنن کە ڕو بە ڕوی یەکێک لە هەرە توند ترین شیوەی چەوسانە دەبن و شیرەی گیانیان لە

بەرژەوەندی سەرمایەدارەکاندا دەکێشرێت. ئەو ڕاستیە کە لە ژێروە باسی دەکەین ئەم مەسلەیە دەسەلمێنێت.

**"بەشی نەخۆشیەکانی پیستی زانستگای شەهید قودوسی یزد، ڕاپۆرتێکی بەڵاو کردەوەتەوە کە تێدا هاتوە ٩٢ لە سەدی کرێکارانی قاڵی و گڵێم ژنن. نیوەی ئەمانە کچی عازەب و جوانی ژێری ١٦ ساڵن کە ١٢ تا ١٦ کاتژمێر لە ڕۆژدا کار دەکەن. لەم سەنتەرە پزشکیەدا دوای لێکۆڵینەوە لە سەر ئاسیب شوناسی بۆیان دەر کەوە کە زیاتر لە ١٠ جۆر نەخۆشینی پێست، ماسۆڵکە ئێسقان لە ناو ژناندا بڵاو بوەتەوە. هەر وەها ئیکسترەی لە ئیسقانی پنچەکانی دەستی کرێکارانی قاڵی پیشانی داوە کە پنجەکانیان خوارو خێچو گۆڕاون.** بڵی، ئەمە یەکێکە لەو ڕاپۆرتە نایابانە کە گۆشەیەک ڕاستی ژیانی پڕ لە ئێش و ئازاری کرێکارانی قاڵیمان بۆ وەدەردخات. چون ژن بەشی سەرکی کرێکاری قاڵی و گڵێمن لە ئێراندا، لە پشتی ئەم ڕاپۆرتوە توندو تیژی چەوسانەوەو هەل و مەرجی کار و ژیانی دژوار و ماندو کەری کرێکارنی ژنمان بۆ وەدەر دەکەوێت. دیسان لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: **لە لێکۆڵینەوەیەکیتردا کە لە ٢٨٣ کارگەی قاڵی بافی لە ئەسفەهان ئەنجامدرا، نەخۆشی هەناسە بڕکێ، پێست و بە تایبەت نە خۆشی نەفسی لە نێو کرێکارانی ژندا هەمە لایەنەیە.** (نقل از: " زنان کارگر، قربانیان خاموش حوادث شغلی، محمد صفوی - ١٢ اردیبهشت ١٣٨٩).

سەرە ڕای ئەم هەل و مەرجە مەرگاویە کە ژیانی کرێکارانی ژن (و هەممو کرێکارانی ئێران)ی گەمارۆ داوە، گرفتیان لە ڕوداوی مرگ هێنەر، مردن لە تەمەنی لاویدا، خۆ کوژی و خۆ سوتاندن ئەمرێکە کە هەموو کات ڕوبەڕوی کرێکاران دەبێتەوە، لە هەواڵە دڵتەزێنەکاندا ئەم چەشنە ڕوداوانە جار بە جار بڵاو دەبنەوە. ئەم هەل و مرجە ئەتوانین

بەراورد بکەین لە گەڵ ژیانی کرێکارانی ئینگلستان لە سەدەی نوزدەهەمدا کە فردریش ئەنگلس بە وردی لێ کۆڵاوەتەوەو لە کتێبی " The condition of the working class in England" باسی کردەوە.

ئەنگلس لەو چەرخەدا دەر بارەی سەرمایەدارەکانی ئنگلستان، چینێک کە "ڕابەرایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی" لە ئەستوی بوو، و لە گەڵ کۆمەڵگای ئێمروی ئیمەدا ئەگونجێت ئەڵێت:

**"هەر کات کەسێک زیانی فیزیکی بگەێنێتە کەسێکیتر و ببێتە هۆی مردنی ئێمە بەمە دەڵێین مروڤ کوژی وە ئەگەر تاوانبار پێشەکی زانیویەتی کە ئەو زیانە ئەبێتە هۆی مردنی ئەو کەسە بەو تاوانە دلێن (قەتڵ)؛ لە کاتێکدا کومەڵگا بە سەدها پرولتری ئەخاتە ناو هەلو مەرجێک کە بە ناچاری داوی مەرگێکی ناکاو غەیر سروشتی، مەرگێک کە بەو ئەندازەیە جەبریە کە مەرگ بە گولە و شمشیر، کاتێک کە کۆمەڵگا پیویستیەکانی ژیانی لە دەست هەزاران کەس وەدەر هێناوەو ئەیان هاوێژێتە ناو هەلو مەرجێکی وەها کە ئیتر <u>ناتوانن</u> تێدا بژین، کاتێک کە خەڵک بە زۆری کوتەکی یاسا ئەبێت لە ئەو هەلومەرجەدا بمێننەوە تا مەرگ کە دەرنجامی ئەو هەلومەرجەی بگات، کاتێک کە کۆمەڵگا بە باشی دەزانێت هەزاران کەس ئەبنە قوربانی ئەو هەلومەرجە و سەرە ڕای ئەمە ئەو هەلومەرجە هەر دابینە، کە وابوو ئەمە هەر ئەو قەتڵی بە ئەنقەستەیە کە کەسێک ئەیکات بەڵام ئەمەیان بە نهینیو ترسەوە، قەتڵێک کە کەس ناتوانێت خۆی بپارێزێت، قەتڵێک کە بە ڕەواڵەت قەتڵ نیە، چون کەس مروڤ کوژەکە نابینێت، چون مەرگی ئەمانە زۆر سروشتی ئەنوێنێت...بەڵام قەتڵی ئەنقەستە."**

ڕاستی ئەوەیە، **کرێکارنی ئێمە و بەتایبەت کرێکاری ژن، لە کاتێکد لە سەدەی ۲۱دا ئەژین، لە همان کاتدا لە هەلومەرجێکی زاڵمانەدا بە سەر دەبن کە بەراوردە لە گەڵ هەلومەرجی ژیانی کریکارانی ئینگلیس لە سەدەی ۱۸و ۱۹ەدا تێدا دەژیان؛ ئەڵبەت بەو جیاوازیە کە بە گوێرەی وەتەی یەکێک لە یارانی مەزنی چینی کرێکار ئەمیر پەرویزی پویان، کرێکارانی ئێران مەرجە پولیسیە ترسناکەکان تەجروبە دەکن وە ڕۆژانە بە ماشینی تایبەتی سرکوت دەکرێن و هاواری بێدادگریان لە گەرودا دەخنکێت.** هەلومەرجێکی وا لە کۆمەڵگای ئیمڕو و بە حاکمیەتی **کوماری ئیسلام** کە لە جیهانی سرمایەداریدا تا ئیستا **چاکترین و باشترین ڕژێمێکە کە دروست بوگە بۆ ئیمپریالیزم و سەرمایەدارە ئێرانیەکان.** لەمەوە بە دوا ئەڕۆینە سەری شیواز و جۆرەکانی تری چەوسانەوەی دولاینەی ژن لە سیستەمی سرمایەداری بە دەسەڵات لە ئێراندا.

# بەشی ٢

## کرێکار، دیلی چینی سەرمایەدار

یەکێکتر لە چەشنی چەوسانەوەی کرێکارانی ژن، کار کردن لەو کارگایانە کە بە ناوبانگ بە کارگای دەنەفەرەو کەمتر لە دە کس کرێکاریان هەیە. ئەم شوێنانە کە زیاترین هێزی کاری ژنان لەویدا کۆ بووەتەوە، لە دەورانی خاتەمیدا و لە داوا کردنی "چاکە خوازەکان" لە یاسای کار وەدر هێنران. لە بناغەوە **ئەبێ تێ بگەین کە هندێک لەو یاسا زاڵمانەی دژ بە چینی کرێکار کە بۆ پرە پێدان بە چەوسانەوەو خراب ترکردنی باری ژیانی میلیونها کرێکار و بەتایبەت کرێکارانی ژن لە ئێراندا هەیە، ئەو یاسایانن کە لە سەردەمی خاتەمی بە دستی دەسەڵاتی چاکە خوازەکان درا بە پارلمان و بڕیاری لە سەر دار.** بە بوون بە یاسای ئەم پرۆژانە لە لایکەوە، کرێکارانی ئەو چەشنە کارگاگەلە لەو تۆزە مافەی کە لە یاسادا بۆ کرێکاران هە بوو بێ بەش کران و لە لایەکیترەوە دەوڵەت لە کێشەی نێوان خاوەن کار و کرێکاردا بڕپرسی لە ئەستۆی خۆی لابرد. بۆ نمونە نەهناردنی چاوێر بۆ ئەو چەشنە کارگاگەلە بۆ زانینی چلۆنیەتی بارو دوخی کار، ئیتر شتێکی سروشتیە؛ ئەم مەسەلەیە یارمەتی سەرمایەدارەکانی دا تا چلونیەتی بارو دۆخی کار و دیاری کردنی موچەی رۆژانەی کرێکاران بە کەیفی خۆیان و لە بەرژەوەنی خۆیاندا خۆیان بڕیار بدەن. هەر لە بەر ئەمە لە دەورانی خاتەمی بەم لاوە کارگا دەنەفەرەکان بۆنەتە شوێنی چەوسانەوەی بێ سنوری کرێکاران ژن (وە هەر وەها منداڵان) کە لایەن سەرمایەدارەکانەوە ئەنجام دەدرێت.

له کارگا دەنەفەرەکاندا موچەی کرێکاری ژن زۆر لەوەی کە بە کرێکاری پیاو دەدرێت کەمترە و بە واتەیەکیتر دیاری کردنی موچەی کەم بۆ ژنان چەشنێکیتر لە داسەپاندنی چەوسانەوەی دو لایەنەیە بۆ ژنان. ژنان ئەبێت لە کاتێکی زۆردا و لە نێو کارگایەکدا کە تەنانەت شوێنی جوڵانەوی تێدا نیە کار بکەن. لە ڕاستیدا، ئەم کارگایانە و هەر وەها بەشێکی زۆر لە شوێنەکانی تری کرێکاری لە دۆخێکی نالەباردا کە شایانی ژینگە نیە بە ڕێوە دەچن.

پەیوەندی لە گەڵ ئەم شوێنانەدا لە ڕاپورتێکدا کە لە ژێر ناوی "زنان در بازار کار ئیران" کە لە لایەن (شیوا نظرآهاری ١١ اردیبهشت ١٣٨٨ کە ماڵپەڕی تایبەتی ژناندا) بڵاو بوەتەوە هاتووە، "لێرە لە کۆڵان و کوچەکانی گەڕکی خەیام و بازار، لە نێو خانوە کۆنە ڕۆخاوەکەنی لای خواروی تاران، لە نێو پارچە و خۆڵ و تۆزو چەرخی خەیاتی، ژن و کچ هەر لە برەبەیان تا شوەزەنگ لە نێو قوماشەکاندا بە سەردەبەن. کچ و ژنانێک کە لە تاریکو ڕونی بیانەوە دێن بۆ کار و لە تاریکی شەوەدا بە لەشێکی لاواز و ماندوەوە ئەڕۆنەوە بۆ ماڵ تا پشو بدەن. ئەڵبەت ئەگەر کاری نێو ماڵ دەرفەتی پشودان بدات... شوێنی کارەکە ئەوەندە بچوکە کە زۆر بە سەختی و لە نێوان کۆمەڵێک جلی ژێر و پارچە ئەبێ ڕێگای هاتوچو بدوزنەوە." بەڵی، بەم جۆرە و لە ئاوا شوێن و کارێکدا ژن و کچە کەم تەمەنەکان وەک "ڕەگەزی دوهەم" و "هێزی کاری هەرزان" لە لایەن سەرمایەدارەکانە سەیر دەکرین. هەر وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، "بە بێ بیمە، بێ هیچ چەشنە دەست خۆشانەیەک و بەدرێژای زیاتر لە ١٢ کاتژمێر کار کردن" لاویەتی واتە باشترین کاتی ژیانیان بە فیرو دەچێت.

هەر لە هەمان ڕاپورتدا کچێکی لاو کە زیاترین کاتی ژیانی ١٨ ساڵەی خۆی لە نێو ئەم چەشنە کارگایانەدا و لەم لا و لەو لا بە سر بردوە سەبارەت بە ژیانی خۆی دەڵێت: "ساڵی ٨٥ هەر کە گەیشتینە تاران کارێکمان لە جەنەت ئاباد دۆزیەوە، کارەکەمان دوراندنی کیفی ژنانە بوو، بۆ ئەم کارە حەفتەیەک ٢٠ هەزارتمەنمان وەردەگرت، کارەکە کاتژمێری حەوت دەستی پێدەکرد، (ئەبوایەت کاتژمێری ٥ بەیانی وەدەر کەوتایەین، چون ڕێگاکەمان زۆر دوور بوو، ئێمە هەمیشە یەکەم کەس بووین کە سواری ئتوبوسەکە ئەبووین) ئەو کاتە دایکیشم کاری دەکرد هەر کە ئەگەیشتینە ماڵ کاری نێو ماڵیش دەستی پێدەکرد، تا کاتژمێری ٩ لەو کارگایەدا کارمان دەکرد، وای لەی هاتبوو کە کاتی خەومان لە نێو ئتوبوسەکاندا بە سەر دەچو، بە گشتی ڕۆژانە یک جار نانمان دەخوارد و پێنج شەمکانیش لە نێوان کاتژمیری ٧ و ٨ دا کارمان بە جێ دەهێشت" لەم وتارەدا ژمارەکان بەو کاتانەی هاتووچوەوە پیشاندری ئەوەن کە زیاتر لە ١٤ کاتژمێر کاریان کردوەو موچەی ئەم کچە لاوانە هیندە کەمە کە لە باوەڕی مروڤدا ناگونجێت. سەرە ڕای ئەمە دەوڵەت بۆ خۆی لە ساڵی ٨٥دا هێڵی هەژاری لە تارندا بری ٦٥٠هزار تمەن لە مانگێکدا ڕاگەیاند. ئایا بەراورد کردنی هێڵی هەژاری و بری ٢٠هزار تمەن بۆ حەفتەیەک نەک بۆ ڕۆژێک ڕاستی کارکردی ژیانی ئەم کرێکارانمان بۆ وەدەر ناخەن. ئەم کچە لاوە سەبارەت بە کارێکیتر کە پیش کاری خەیاتی کردویەتی دەڵێت: "شوێنی پێشو کە تێدا کارم دەکرد زۆر خرابتر لە ئێرە بوو، چون زۆر ئازارم ئەدی. لە کاتژمێری ٨ بیانیەو دەڕۆیشتم تا ٨ شەو و ئەگەر بۆ یک دقیقە بڕۆشاتیەم بۆ ئاو دەست خاوەن کارەکەم دەستی دەکردە بۆڵەبۆڵ. شوێنی کارەکە لە نێو پارکینگی ماڵێکدا بوو. بە گشتی هەر لە بیانی تا ئێوارە بە پێوە بووین. لە هەموو شوێنێک لەم وڵاتەدا ژنان کاری زۆرتر دەکەن و موچەی کەمتر وەردەگرن. ئەو پیاوانە کە لەوی

بوون هەر ئەو کارەیان دەکرد کە ئێمە دەمان کرد بەڵام موچەی ئەوان لە ئێمە زۆرتر بوو. لە کارە پێشوەکەمدا مانگی ١٢٠ هزار تمەنم وەردەگرت بۆ ڕۆژانە ١٤ کاتژمێر کار."

**١٤ کاتژمیر کار، ئەوەش دوای دو سەدە بە سەرا چونی دان پێدانانی ڕۆژانە ٨ کاتژمیر کار کە بە هۆی خەباتی هاوبەشی کرێکارانی ئروپا و ئامریکا بە دەست هاتووە!** کاری درێژ خایانی ڕۆژانە، سەلماندنی ئەو چەشنە چەوسانەوە زاڵمانەیەی کە لە کرێکارانی ژن و پیاو دەکریت. بەڵام سەبارەت بە ژن، ئەو چەوسانەوەیە کاتێک زۆرتر خۆی پیشان دەدات کە بۆمان دەردەکەوێت، سەرمایەدارە زالو سیفەتەکان، بە پشتیوانی ڕژێمی دژ بە ژنی کۆماری ئیسلامی و لە چوار چێوەی فەرهنگی پیاو سالاری کۆمەڵگادا، لە خۆیان ڕادێن و بۆیان گونجاوە کە بە ژنان بەرابەر کارێکی یەکسان لە گەڵ پیاودا موچەی کەمتر بدەن. بری ئەو موچانە کە لە سەروە ئاماژەمان بۆی کرد تەنانەت نیوەی ئەو موچە نیە کە ڕژێم بۆ خۆی لەوساڵانەدا ڕایگەیاندوە. (بری لایەنی کەمی دەستکەوتی ڕۆژانە لە ساڵی ٨٥، بری ١٥٠هزار تمەن و لە ساڵی ٨٦، بری ١٨٣هەزار تمەن و لە ساڵی ٨٧دا بری ٢١٩هەزار و ٦٠٠تمەن بەراوورد کراوە.)

**هەر لەم کاتەدا بە گوێرەی گوزارشە بڵاو کراوەکان، زیاتر لە ٥١ لە سەدا دانیشتوانی کرێکاری وڵات لە کارگا بچوکە ١٠ کەسیکاندا کار دەکەن.** لەم کارگایانەدا هەر وەک بینیمان هەرچەن ژن بە چەشنی دولایەنە ئەچەوسێتەوە، بەڵام بارو دوخی کارکردن بۆ ژن و پیاو وەک یەکە. لە بەر ئەوەی کە **سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرژەوەندی سەرمایەدارە خۆیی و دەرەکیدا دابین کراوەو ئەڕواتە پێشەوە. ئیمڕو سەرمایەدارەکان چ لە کارگای بچوک و یا لە شوێنەکانی**

**بەرهەم هێنانی تردا بن، بێ ئەرێ و نەرێ خاوەنی ئەو هێزەن کە لە پیوەندی نیوان کارگر و خاوەن کاردا بە هەر چەشنە کە خۆیان پیان خۆشە و لە بەرژەوەندی ئەواندایە ئەنجامی دەدەن.**

ئەم هەلو مەرجەی سەرەوە لە کاتێکدا پیش هاتووە، کە سیستەمی سەرمایەداری دارزیو لە هەموو جیهاندا دوچاری بوحرانێکی توندە و ئیمپریالیستەکان تێدەکوشن کە باری قورسای ئەم بوحرانە سەرشکێن کەنە سەر شانی کرێکاران و ڕەنجدەرانی وڵاتان و هەر وەها ئێران. لە سەر ئەم بناغەیە لە ئێراندا هەل و مەرج وای لێهاتوە کە کرێکاران چەندها بەرابەری ڕابوردو وە بە چەشنێکی زۆر دەڕندانەتر لە جاران کەوتونەتە ژێر چەوسانەوە. هەر وەها لە سەر هەمان بناغەو پەرە سەندنی بێکاری لە ئێراندا، کرێکاران چ پیاو وە چ ژن، تەنیا لە بەر ئەوەی کە ژیان بەسەر بەرن، ناچارن هەر چەشنە چەوسانەوەیک بپەزێرن. لە هەمانکاتدا **باردوخێک پێکهاتوە کە نە بوونی هەر چەشنە مافێک بۆ کرێکار یەکێکە لە مسەلە گرنگەکانی کۆمەڵگا. ڕژێم هەر چەشنە خەبات و بەرهەڵستی کریکار سەر کوت دەکات. دواکەوتنو ناسین، بێکار کردن و تەنانەت زندانی کردن وە یا هجومی وەحشیانەی هێزەکانی ڕژێم بۆ کۆبونەی کرێکاران لە سەر جادەو شوێنە گشتیەکان، لێدان و بریندار کردنی خەباتگێرانی کریکاری یەکێکە لە سیاسەتە دژ بە کرێکاریەکەی کۆماری ئیسلامی. لە پێناو ئاوا سیاسەتێکدایە کە ئەمرۆکە سەرمایەدارەکان بە ئاوەڵایو بێباکانە پەرەیان داوە بە چەوسانەوەیەک کە "بێ ئەوە هەستی پێ بکرێت لە گەڵ گۆشت و پێست مرۆڤدا سەودا دەکات" وە بە داسەپاندنی برسیەتی و نەخۆشی و مەرگ و نابودی بۆ سەر ملیونها ژن و پیاو و منداڵانی کار ئەبێتە خاوەن سودێکی هەرە زۆر.**

له **کارخانه گەورەکاندا** ژنی کرێکار زۆرن. لەو شوێنانەدا کرێکاری ژن له سەنعەتی الکترونیکی، خواردەمنی و کارخانەی دەرمان دروست کردن، کەلوپەلی ئارایشی ژنانەدا و... کاردەکەن. کاری کرێکار لەم شوێنانه زیاتر کاری مونتاژ و یکجورە، چەشنه کارێک که له درێژخایەندا زیانێکی زۆر دەگەێنێته سەلامەتیان. له سەر سیاسەتەی پشتیوانی کردن له سەرمایەدارەکان، کۆماری ئیسلامی، ڕۆژ له دوای ڕۆژ به دانیانی یاسای دژ به کرێکار هەڵدەستێت و تا ئیستا زیاتر له ٧٠ له سەدا له هێزه کرێکار له ژێر چاودێری یاسا هاتونەته دەر، لەم جۆره کارخانەشدا بارودۆخی ژیانی کرێکاری باشتر له کارگا بچوکەکان نیە.

**بۆ ئەوە کە بۆمان ڕۆن ببێتەوە کە چەوسانەوەی کرێکاران بە گشتی و بە تایبەت کرێکارانی ژن لە کارخانە گەورەکانیشدا چەندە بە شێوەی وەحشیانە ئەنجام دەدرێت، پێویست دەکات بەو گرێبەستە زاڵمانانەکان وەک گرێبەستی کاتی، پەیمانی و سپی ئاماژە بکرێت کە خاوەن کارەکان ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر و لە بەر بینینی ئەرتەشی بێکاران، کرێکارەکان وادار دەکەن تا ئەو گرێبەستانە ئیمزا کەن.**
له ڕاستیدا، سەرمایەدارەکان بەو گرێبەستانه مەرجی کاری زاڵمانه و شرم هێنەر بۆ کارگرەکان دا دەپەسێنن –لیرەدا ئەڵبەت کرێکاری ژن یەکەمین قوربانیە. وەرگرتنی کرێکار له سەر مەرجەکانی گرێبەستی کاتی بەم جۆرەیە کە سەرمایەدارەکان بۆ چەوسانەوەی زیاتری کرێکارەکان و دەر چون له ژێر یاسای کاردا کرێکارانی ڕەسمی که بۆ ماوەیەکی زۆر لەو کارخانه کاریان کردوە دەر دەکەن و دیسانەوە بڕێک لەوەانه بۆ کاتێکی کورت له سەر گرێبەستی کاتی وەردەگرنەوە. –بەم چەشنە یاسای کار ئیتر ئاوان ناگرێتەوە-. ئەم چەشنه وەرگرتنه کرێکارانی پەیمانیش دەگرێته بەر. پێویست دەکات که ئاماژه بەکەین بۆ ئەوە کە یاسای کار کە ساڵی

١٣٦٩دا لە هەلومەرجی هێز گرتنی کونەپەرستانەی کۆماری ئیسلام و لاواز بونی پێگەی چینی کرێکار دابین کرا، لە ئەساسدا لە بەرژەوەندی سەرمایەدارەکان دامەزراوە. بەڵام لە بەر ئەوە کە ئەم یاسایە چاودێری کرێکار و خاوەن کارە، و لەودا بەرپرسایەتی هەردو لایەن (خاوەن کار و کرێکار) بەرابەر بە یەکتر ڕون و باس کراوە، خاوەن کار بۆ چەوسانەی کرێکار سنوری بۆ دانراوە. لە بەر ئەمەیە کە سەرمایەدارەکان لە هەلومەرجی بوحرانی ئابوری ئیستادا وە لەبەر چاوگرتنی بێکاری بەربڵاو لە کۆمەڵگادا، بێشەرمی و زالو سیفەتی و یا بە وتەیەکیتر دابین کردنی ڕۆژی خویان لە مژینو خواردنی گۆشتو پێستی کرێکاران گەیاندوەتە ڕادەیەک کە ئەو یاسا کۆنەپەرستانەکەی دەستکردی ڕەژێمی ئیرتیجاعیو خوازیاری خۆیان بەڕێوە نابەن.

**لە نیو ئەو گرێبەستانەدا، گرێبەستی بە ناو گرێبەستی سپی زاڵمانەترین مەرجی چەوسانەوە دادەپەسێنێت بە سەر کریکارەکاندا. سەرمایەدارەکان، ئەم چەشنە "نوزهورە"یان بۆ وەرگرتنی هێزی کار وە بە حرس و تەمایکی زۆرەوە بۆ پەرەپێدان بە کار کاسبیە نەنگینەکەیان واتە مژینی دڵۆپ دڵۆپی خوینی لەشی کرێکارەکان، دروست کرد. ئەم بە ڕواڵەت "گرێبەستە" بە چەشنەیە کە سەرمایەدار، کرێکار ناچار دەکات کە گرێبەستێک ئیمزا بکات کە لەوەدا هەمو مرجەکانی کارکردن یک لاینە لە بەرژەوەندی سرمایەدارە بێت. واتە لە سەر ئەو بناغەی ئەو بە ڕواڵەت گرێبەستە، نیشانەی ئەوەیە کە هەر دو لایەن ئازادانە لە سەری ڕێکەوتن، ئەمە لە کاتێکدایە کە سەرمایەدار ئەتوانێت هەر چەن بتوانێت کار لە کرێکارەکان بکێشێتەوە بێ ئەوەی کە هێچ بەڵێنێکی بە کرێکارەکان**

**دابێت. بۆ نمونە کاتی نەخۆشیو ڕودای مەترسیدار –تەنانەت ئەگەر ئەم ڕوداوە ببێتە هۆی تیا چونی کرێکارەکە – سەرمایەدار بە پێ ئەو گرێبەستە لە بەرابەریدا بەر پرس نیە.** سەرمایەدار بە کەیفی خۆی مەرج و کاتی دانی موچە کە دوای چەند مانگ کار کێشانەوە لە کرێکار دێتە ئاراوە، دیاری دەکات. بە کورتی مەرجی کارکردن بە گوێرەیەکە کە کرێکار ئەبێت وەک کۆیلە بۆ سەرمایەدار کار بکات خاوەنی هیچ مافیک نەبێت و مافی بەرهەڵستی دژ بەو شێوەکار و گرێبەستەشی نەبێت. پیویستە لێرەدا ئەم مەسەلەیە دوپات کەینەوە ئەو مەرجانە کە کارگاە بەرهەم هێنەرە جۆراوجۆرەکان وە کرێکارەکان بە ڕواڵەت یاسای کار ئەیان گرێتەوە، بارودۆخێکیان دامەرزاندوە کە یارمەتیو سود وەرگرتن لە مافە ڕەواکان لەو یاسایەدا بۆ کریکارەکان ئیمکانی نیە. بۆ نمونە **پەیوەندی لە گەڵ ڕوداوەکاندا، لە زۆربەی کاتدا کرێکار چ ژن و چ پیاو بە هۆی چەند شتەوە وەک بوروکراسی گەندەڵ، ناتوانن لەو مافانە کە یاسا بۆیانی دانانوە کەڵک وەرگرن. تەنانەت ڕێکەوتوە کرێکار بۆ ئەوە کارەکەی لە دەست نەچێ، لە مافی خۆی چاوپۆشی کردەوە.**

ئەوەی کە ڕاستی بێت، ئەمڕۆ مەرجەکانی کار و ژیان کرێکارن چ ژن و چ پیاو لە ئێراندا زۆر نالەبار و سەخڵەتو مەرگ هێنەرەە. داخرانی یەک لە دوای یەکی شوێنە بەرهەم هێنەرەکان و دەرکردنی بەکۆمەڵی زاڵمانەی کە بچوکترین بەرپرسایەتی سەبارەت بە ژیان و داهاتووی کرێکاران تێدا بە دی ناکرێت، و یان پەرەسەندنی بێکاری و لە ناوچونی بنەماڵەی کرێکارەکان بە چەشنی باوەڕ پێ نکراو لە لایەن خۆیان و دەوروبەرەکانیانەوە، خۆ کوژی ژمارەیەک زۆر لە کرێکارەکان لە بەر ئەم کارەسات و بە سەرهاتە و هەموو ئەمانە بەشێکن لە ژیانی ئاسای کرێکاران. ئەوەی کە ئەمڕو لە سیستەمی سەرمایەداری حاکم بە سەر کۆمەڵگای ئێراندا زیاتر

له هەر کاتیتر هەموو شایتین ئەوەیە کە کرێکار ناتوانێت هیزی کاری خۆی بفروشێت (چونکە کەس نیە تا کارەکەی بکڕی نیە)و بە ناچار ڕۆبە ڕۆی مەرگو برسیەتی دەبێتەوە. لەم بارەیەوە ئینگلس ماموستای پرولتاریا، چەند تێبینی هەیە کە ئەبێت قول سەیر کرێنو پێویستە لێرەدا باس بکرێت.

**لە ساڵی ١٨٤٧دا ئنگلس بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیو زانینی ڕاستیەکانی بارودۆخی کار و ژیانی کرێکاران وە لە کاتێکدا کە ژنان کریکار لە ئوروپا لە هەموو بنکەکانی کاردا باشداریان دەکرت کرێکارەکانی بە کۆیلە ناو برد. ئنگلس لە سەر ئەو ڕاستیە کە کۆیلە لە سەردەمی بەردەداریدا ژیانی لە کرێکارانی ئەمڕۆ باشتر بووە – هەر چەند کرێکار لە پلەیەکی زۆر پێشکەوتوتردا دەژیت وە تەنیا کاتێک دەتوانێت ئازادی خۆی وەدەست بێنێت و لە گیر و گرفتە زاڵمانەکان خۆی ڕزگار کات کە توانی بێت هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە بەندی خاوەنداریەتی تایبەتی ڕزگار کرد بیت. ئنگلس بە دروستی وتویەتی کە کۆیلە یەکجار و بۆ هەتاهەتایە دەفرۆشرا، لە کاتێکدا کە کرێکار ناچارە هێزی کاری خۆی ڕۆژانە و تەنانەت بە کاتژمێر بفروشێت. کۆیلەکان هەرکام خاونێکیان هەبوو و ئەمانیش بەشێک بون لە دارای و سەرمایەی خاونەکەیان وە هەر لە بەر ئەمە ژیانی (پڕ لە ئەستەم)یان دابین کرا بوو. بەڵام کرێکار کۆیلەی هەموو چینی سەرمایەدارە – بە بێ ئەوە کە بەشێک لە سەرمایەی یان کۆیلەی سەرمایەدار بێت.** لە سەر ئەم چونیەتیە، کرێکار تەنیا کاتێ ئەتوانێت ڕۆژی ژیانی وەدەست بێنێت کە ئیمکانی فرۆشی هیزی کاری خۆی وەدەست هێنابێت و ئەم کاتێ وەدست دێت کە سرمایەداریش پێویستی بە کڕینی ئەو هەبێت. بۆمان ڕۆنە کە لە ئاوا کارەساتێکدا کرێکار موچەو بڕاوەیەکی نیە و ناتوانێت پیویستە سەرەتایەکانی ژیانی خۆی و

خێزانی دابین کات. بەواتە وەرگیراوە لە "بناغەی کمونیزم" (انتشارات سازمان دانشجویان پیشگام - برلن غربی)

ڕاستی ئەم وتارەی سەرەوە ئنگلسمان کاتێ بۆ وەدەر دەکەوێت تەنانە ئەگەر بە ڕووکار سەیری باردۆخی هەموو بەشەکانی چینی کرێکاری ئێرانمان کردبێت. لە ڕاستیدا کرێکارەکان خۆیان بە هەزار شێوەی هاوار دەکەن و بارەها ئێمە لەوانمان بیستوە کە ئەڵێن ژیانی ئێمە لە ژیانی کۆیلە لە سەردەمی بەردەداریدا خرابترە. بەڵام لێرەدا لێکۆڵینەوە لە سەر ژیانی کرێکارانی ژن لە ناو دوخەی ژیانی چینی کرێکاردا پیشاندری ئەوەیە کە ژنان لە پاڵ هاو زنجیرەکنیاندا واتە کرێکارانی پیاو، چەوساوەترین بەشی ئەم چینەن. بەشێک کە لە هەمان کاتدا تەنیا بە هۆی ژن بونیانەوە ئەستەمی تایبەتیتر لە ئەستۆیانەو قەبوڵی دەکەن. **بە داخەوە، سەرەڕای بڵاویو بەرفراوانی بەشەکانی کار و بەرهەم لە کۆمەڵگای ئێراندا وە گرنگی لێکۆڵینەوە لە سەر کرێکاران و بەتایبەت کرێکاری ژن، بەڵام بوونی دۆخی خەفەقان و هەل و مەرجی پۆلیسی حاکەم بە سەر کۆمەڵگادا کە پێشی بە هەر چەشنە ئازادی وتار و بڵاو کراوەیەکی گرتوە، گوزاشت و ڕاپۆرت لە سەر ژیانی کرێکاران و کرێکاری ژن بەتایبەت زۆر کەمن.** بەڵام هەر بەم چەن ڕاپورتە کورتە، ئەتوانین لە راستیەکانو گیرو گرفتەکانی کرێکاری و مەسلەی ژنان لە ناو گۆمەڵگادا ئاگا بێنەوە. ئەم تایبەتمەندیە ئەتوانێت زانیاری مەردم و بەتایبەت ڕوناکبیرانی خەباتگێڕ بباتە سەرەوەو دەرفەتی ئەویان پێ بدات کە بە وردی هەمە لایەنە لە گەڵ ئەستەمەکان و مەسەلەی کرێکاران بەرخورد بکەن. لێرەدا بە پاڵپشتی ئەو چەند گوزاشتە کە لە بەر دەستماندایە، لە گەڵ لێکۆڵینەوە ئەو بەشانە کە کرێکارانی ژنی کاری تێدا دەکەن، **پێویست دەکات بە شێوەیەکی تایبەت لە سەر چۆنیەتی ژیانی ژنانێک کە خۆیان**

بەرپرسی خێزانەکەیانن و نان دەر هێنەرن، ڕاستەوە خۆ بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە و تا مەرجەکانی ژیانیانو گرفتەکانیان باشتر بناسین. هەر وەها ئەبێت چەوسانەوە ڕەگەزیەکانیان ناو بەرینو بە گەشەی بیان خەینە پێش چاوی خوینەر. بە تایبەت ئەو چەوسانە تایبەتیانە کە فشاری دولاینە ئەخەنە سەر ژن و ئەوەش تەنیا لە بەر ژن بوونیانەو کرێکاری پیاو لەوانە دوورەو دوچاری نابێت.

# بەشی ٣

## کرێکاری ژن، هێزی ڕەوانی کار

یەکێکیتر لە ناوچەکان کار کە ژنان زیاتر تێدا کار دەکەن، کار لە **کێڵگەکانی زەویندار**ی دایە. هەموومان دەزانین هەر لە کۆنەوە ژنان لە دێهاتەکاندا لە کێڵگەکاندا کاریان کردوەوەو جوڵاونەتەوە. بەڵام لەو سەردەمەدا زیاتر لە سەر زەویەکانی خۆیان کاریان دەکرد. ئەڵبەت، ژن وەک کرێکار لە مەزرا گەورەکانیشدا کاریان کردەوە، بەتایبەت لە باکوری وڵات هەمە لاینە بووە. بەڵام لە گەڵ گەشە سەندنی سیستەمی سەرمایەداری لە ئێراندا کە کەشاورەزی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی، ژنانێکی زۆر وەک کرێکارو بە گرتنی موچە لەم بەشەدا کار دەکەن؛ کاری ژنان لە کێڵگەکاندا زیاتر کاری چاندنو درەو هەروەها گوڵکاری و شتیترە. لێرەشدا هەر وەک هەموو بەشەکانیتری کار، کەم بوونی موچەی ژن بەرانبەر بە پیاو "دیمەنێکی"تر ستەمی دولاینەیە لە سەر ژنانە. پەیوەند لە گەڵ کاری کرێکارانی کێڵگە، لە ڕاپۆرتێکدا کە زیاتر باسی ڕوداوەکان دەکات هاتووە: "لە ڕاپورتی دەوڵەتدا سەبارەت بە ڕوداوەکانی ئیش کردنی کرێکارانی ڕۆژانە لە کێڵگەکان کە بە زۆربە ژنن هاتووە، « نزیک بە ٣ میلیون و ٤٠٠هەزار کرێکاری کێڵگە لە ١٨/٥ ملیون هێکتار زەویدا خەریکی کارن. هەموو ساڵێک تەنیا لە ئوستانی گوڵستاندا ٥٠٠ کرێکاری کێڵگە بە هۆی لەبەر نەکردنی جلی سەلامەتیو نە بوونی ئاگاداری، پاراستن و سەلامەتی بە هۆی کارکردن لە سەر مەوادی سەمی دژ بە ئافەتەکانی گیایی گیانی خۆیان لە دەست دەدن. هۆی مردنی ٣٥٠ نەفەر سەرەتانی مێعدە و ١٥٠ نەفەر سەرەتانی گەروو خوێن ڕاپۆرت کراوە" (زنان کارگر، قربانیان خاموش- محمد صفوی. نقل از pesticides news)

**کارکردن لە کورەپەز خانەکاندا یەکێکیتر لەو شوێنانەیە کە ژنانی ڕەنجبەر کاری تێدا دەکەن. ئاسایە کە بنەماڵەیەک، هەم پیاو و هەم ژن و منداڵەکانیان (تەنانەت منداڵی ٢-٣ساڵان) هەموو لە بەربەیان تا کو شەو خەریکی کاری گرانی خشت درست کردن بن.** کار لە کورەپەز خانەکاندا یەکێکە لەو کارانە کە کرێکار بە زووترین کات دوچاری پەک کەوتویی دەبێت وە هەر وەها کرێکار ڕووبەڕوی نەخۆشیە کوشەندەکان دەبێت، خەتەری ئەو جورە نەخوشیانە بو ژن و منداڵ زۆرترە. لە بنەماوە کار لە کورەخانەکاندا یەکێکە لەو کارانەیە کە بە توندی لەشی کرێکار ئەخاتە ژێر فشار و ئازارەوە، بەتایبەت کورەپەز خانەکان کەرسەی پاراستن و سەلامەتیان تێدا نیە، نەپاراستنی مەرجەکانی پاک و خاوێنی و سەلامەتی لەم شوێنانەدا بە دی نایەن. لە سەر ئەم ئەساسە، کرێکاری ژن لە ئاوا بارودۆخێکدا خەریکی جێبەجێ کردنی باری گرانە و ئەم کارە زیانێکی زۆر دەگەێنێتە لەشیان، لە پەلە یەکەمدا هەموو کاتێک ڕو بە ڕوی پەکە کەوتوییو نەخۆش کەوتن دەبنەوە. بۆ ئەمە کە باشتر بزانین کە دۆخو مەرجی نالەباری کارکردنی ژن لە کورەپەز خانەکاندا چۆنە باش وایە کە ئەماژە بەکەین بو مادەی ٧٥ یاسای کار، لەم مادەیەدا کاری سەخت و زیان هێنەر و جێبەجێ کردنی باری گران بە بێ کەڵک وەرگرتن لە کەرسەی تایبەتی بۆ ژن قەدەغە کراوە. ڕونە لێمان کە ئەم جۆرە مادە و یاسایە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژیمێک کە پارێزەری بەرژەوەندی سەرمایەداریە، لە ئێراندا تەنیا لە سەر کاغەزە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش بوونی ئاوا یاسایەک پیشاندەر و هۆی گرنگی مەسلەکەیە، یەکێکتر لەو گرفتانە کە لێرەدا خاوەن بایەخە، ئەمەیە کە **دوای تەواو کردنی کار، خاوەن کار، لە سەر بنەمای ڕێو نەریتی پیاو سالاری موچەی کاری بنەماڵەکە هەموو ئەدات بە پیاوی. لە بەر ئەمە ژنی کرێکار لە کورەپەز خانە بۆ کارێک کە کردویەتی بۆ خۆی پارەیەک وەر ناگرێت. ئەم چەشنە بەرخوردەی**

**خاوەن کار بۆ هەر دوو لایەن هەم پیاو و هەم ژن، شتێکی ئاسایە، ژن لە ڕاستیدا کەسێکی خاوەن دەسەڵات و ئیختیار نیە و لە سەر ئەساسی ڕێو نەریتی پیاو سالاری هەمە لایەنە لە ژێر چاودێری پیاودایە.** لێرەدا مەسەلەیەکی گرنگ و هەستیار هەیە کە دەبێت ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەمە ڕاستییەکی نەشاراوەیە کە هەموو ئەندامەکانی بنەماڵە هەر لە بەیانیەوە تا شەو کار دەکەن و هێشتا بەشی پێویستیە سەرەکیەکانیان ناکات و ئەگەر ژن بۆ خۆی موچەکەی وەرگرێت دیسان دەبێت بیکاتە خەرجی بنەماڵەکەی، سەرە ڕای ئەمە بەرخوردی خاوەن کار لە کاتی موچەدانی ژن بە پیاو لە نەفسی خۆیدا ئەو واتا دەگەێنێت کە ژن هیچ ئیختیارێکی نیە و بەستراوە بە پیاوەکەیەوە و ستەمەی ڕەگەزی لێرەدا بە ڕونی دەبینرێت. هەروەها سەبارەت بەو کارانە کە بە شێوەی کنترات و بە دەستی کچە گنجەکان و لە ماڵدا دەکرێت دەبینین کە حەق دەستەکەیان بە گشتی دەدرێتە باوکیان کە زۆر جار بێکارە و لە ماڵدا دانیشتوە و ئەکرێت خەرجی بنەماڵەکە و کچەکان بۆ خۆیان هیچ خاوەن ئیختیار نین و پارەیەک بۆ ئەو کارە کە کردویانە وەر ناگرن.

**ئەو کارە کنتراتیانە کە لە ماڵ ئەنجام دەدرێرن پەیوەندیان هەیە بە سەنعەتی و تکنیکیەوە، چۆنیەتی کار کردن بەم جۆرەیە کە ژن ئامرازو موادی پێویست بۆ ئەو کارە لە خاوەن کار وەر دەگرێت و لە دوایدا بەرهەمی کارەکەی ئەداتەوە بە خاوەن کارخانەکە پارەیەکی کەم وەر دەگری.**

**هۆی سەرەکی ئەم چەشنە کارە ئەوەیە کە سەرمایەدار پێ باشترە کە کارەکە بدات بەو ژنانە کە لە ماڵەوە کار دەکەن، تا بتوانێت بەم بیانوەوە پارەیەکی کەمیان بداتێ. وە بە شێوەیە نرخی زیادی بەرهەمی ڕەنجی ئەو ژنانە بخاتە گیرفانەوە، هەر لە هەمان کاتدا بەشێک لە سەرمایەی سەقامگیر خۆی کەم دەکاتەوە.** لەم جۆرە کارەدا کرێکار یان کرێکاری ژن (کە زیاتر کچی تازە پێگەیشتو، یا بێ

دایکن) له ژوری دانیشتندا که هەموو ئەرکەکانی ماڵ لەوێدا ئەنجام دەدرێت، خەریکی کار دەبێت. چون کارەکە کنتراتیه ئەم کرێکارانە تێدەکۆشن تا کارەکە لە کەمترین کاتدا تەواو کەن و بیدەنەوە دەست خاوەن کار. لە ئەنجامی ئاوا ئیشێکدا کاتی کار کردن دیاری ناکرێت و سنوری بۆ نیه، هەر وەها ناچار دەبن کە لە کاتی حەسانەوەو خواردن و خەوتنی خۆیان بگرنەوە. ئاشکرایه کە بەم چەشنە فشارێکی زۆر ئەکەویتە سەریان.

**بەڵام سەرەڕای ئەمانە یەکێک لە هۆ سەرەکیەکان کە سەلامەتی ئەم ژنانە ئەخاتە مەترسیەوە یەکجوری کارەکەیە، ئەم یک جۆریە ئەبێتە هۆی ئەوە کە کارەکە زۆر جار و بە یەک شێوە دوپات ببێتەوە، جا لەبەر ئەمە زیاترین فشار ئەخاتە سەر ئەندامە جیاوازەکانی لەش. ئەیشی پشت، ملو دەست لە ناوە کرێکارانی ژندا زۆر باوە.** لە گوزارشتێکدا لەم بارەیەوە دەخوێنینەوە :"کاری مریەم، بستە بەندی کەرستەی موتورە. ئەم کارە لە هاوین و پاییزدا یەکجار زۆرە. بەڵام لە کاتی باران و سەرمادا کەم دبێتەوە و دەست ناکەوێتو ئەبێت کارێکیتر بدۆزنەوە، وەک مەلیلە دورانن لە سەر مانتۆ، یا ڕەنگ کردنی پارچە. مریەم دەڵێت کە لایەنی کەم ڕۆژی دە کاتژمێر کار دەکات و تەنیا کاتی حەسانەوەیان کاتی خواردنی نیوەڕۆ و ئێوارەیه. چون کاتێ کە لە کارخانە کار دەکەن ئەبێت بە خێرایی کارەکە تەواو کەێت. هەر لە بەر ئەمە گرنگ نیه تا چە کاتژمێریک لە شەو ڕۆیشتوو کار دەکەیت، چون کارەکە ئەبێت تەواو ببێت. هەر وەها دەڵێت پشت ئێشە زۆر ئازاری دەدات و دوای چەند کاتژمێر ئیش کردن دەستەکانی سڕ دەبن. "هەر لەم گوزاشتدا ئەم ڕستەو وشانە قیت کرانەوتەوە" هەر لە بەرە بەیان تا شەو بە سەردا دێت، بە چەماوەیەو مل بەرەو خواریو  لە کاتێکدا کە ملمان لە ئیشدا کزەکز دەکات و پشتمان ئیشێتو بەو دەستانە کە دەزانێت ژیانی ماڵ بستراوە بە هێزی ئەوەو کار دەکەین، لێرەدا ژنانێک

زۆر هەن لە ماڵی خۆیاندا کاری بەستە بەندیو سەوزی ورد کردنو ... دەکەن تا بتوانن کونێکی ژیانەکەیان پڕ کنەوە" ("زنان در بازار کار ایران" (شیوا نظر آهاری - ١١ اردیبهشت ١٣٨٨ - درج شده در سایت ویژه روز جهانی کارگر).

لەم نوسراوەیەدا کە لە ژێرەوە دەینوسینەوە بە ئاشکرا بارودۆخی کار کردنی بەشێک لە ژنانی کرێکار لە ئێراندا ڕوون دەبێتەوە: "بڕێک کار وەک لێدانی لاستیکی کونتاکت، یان بەستنی پێچ و هتد... **کاخانە دەزگای بەستنی پیچی هەبوو، بەڵام حەق دەستی ژنەکان بە گوێرەیەک کەم بوو کە خاوەن کار ئەیویست کارەکە بدات بەو ژنانە کە لە ماڵەوە بە پیچ بادەر بیبەستن، لە بەر ئەوە بەرقی کەمتر بەکار بێنێت. واتە نرخی بەرق لە حەق دەستی ژنەکان زیاتر بوو. ڕۆژانە کیسەیەک پیچ و کونتاکتی دەدا بە ژنەکان تا لە ماڵەوە بیبەستن.** زۆربەی ئەم کریکارانە ژنو پیاوی پیر و منداڵن. ئەم بەشە لە کرێکارانی ژن کە لەو کارانەدا کە پەیوەندی بە کارخانە گەورەکانیشەوە هەیە بەشداری دەکەن لە ناوە هیچ ئامارێکدا ئاماژەیان بۆ ناکریت و نایەنە قەڵەم. جێگای ئەم کرێکارانە ڕۆژ لە ڕۆژ لە زۆر بووندایە. پیشتر کارخانە گەورەکان ئەمانەیان وەک کرێکار وەردەگرت و لە کارخانەدا کاریان دەکرد، بەڵام لەم ڕۆژانەدا لە بەر ئەوە کە ٣٠ مادە لە یاسای کار بە چەشنی هەڵاوێسراوەو بۆ چەندمین جار دوپات کراوەتەوە، کارخانە بچوکەکانو (کارگای ژێری ١٠ نەفەر) کارخانە گەورەکانیش لە سەر بەرنامەیەک باشتر وا دەزانن کە لە «هیزی کاری ڕەوان» لە جێی کاری ڕەسمی و هەمیشەیی بە بەستنی گرێبەستی سەرەتایی کەڵک وەرگرن.هەموو ئەمانە بۆ ئەوەیە تا کرێکار بیمە نەبێتەوە، دەستخۆشانە و نورۆزانەی نەبێت، هەر کات پیویستیان پێبوو ئیش بکات و کەمترین موچەوەرگرێت." (مسائل زنان کارگر در ایران: مصاحبه با مریم محسنی - برگرفته از سایت: هستیا).

**کەمی حەق دەستی ژنان نشانەیەکە لە ستەمی دولایەنە لە سەر کرێکارانی ژن، بە گشتی لە هەموو لاینە جیاوازەکانی مەودای کاردا ئەم ستەمە دولاینە بە سەر ژناندا داسەپاوە. دیسانەوە پەیوەند لە گەڵ پاک کردنی سەوزی و سورۆ کردنی، هەر وەها دروست کردنی موربا و ترشی، زۆربەی ئەم کارانە بە دەستی ژنانی ڕەنجبەر و لە ماڵدا جێبەجێ دەکریت. ئەم کارانە کاتێکی زۆر لە ژنان دەگرێت بەڵام دەست کەوتێکی باشی بۆیان نیە. کەمی حەق دەستی ژنان لە ماڵە دەوڵەتمەندەکاندا کە زۆر زۆرە، جێگای تێڕوانینە.**

کەڵەکە کردنی سەروەت و سامان تەنیا لە لایەن چەند کەسەوەو پەرە سەندنی هەژاری و برسیەتی بۆ کۆمەڵی خەڵکی، نشانەی پەیدا بونی مەودایەکی بەربەڵاوەو قوڵە لە نێوان چینی سەرمایەدار و کرێکار و هەژار لە کۆمەڵگادا، ئەمەش یەکێکە لە دیاریدەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری و ئێمە ساڵەهایە کە لە گەڵ دیاریدەی کار کردنی ژن وەک کارەکەر لە ماڵە دەوڵەمەندەکاندا ڕوبەڕوین. ئەم دیاریدە هەر چەند لە باری مێژویەوە دیاریدەیەکی تازە نیە، بەڵام نزیک بە ۱۰- ۱۵ ساڵە کە هندێک شرکەت وەک دەلاڵ لە نێوان ژنانی کرێکار و دەوڵەمەندکان پێکهاتوون. ئەم شرکەتانە نیوەی دەستکەوتی ئەم ژنانە بۆ خۆیان هەڵ دەگرن. لەو نوسراوەدا کە لە سەرەوەو پەیوەند لە گەڵ کاری مریەمی موحسنی هاتبوو ئاماژە دەکات: **"سەبارەت بەو ژنانە کە لە شرکەتەکان پەیمانکارن. شرکەت ۸ هەزار تمەن بۆ یەک ڕۆژ کاری پاکو خاوین کردنەوە لە خاوەن کار وەردەگرن، بەڵام تەنیا ۴هەزار تمەن ئەدەنە کرێکار واتە لە سەدا ۵۰ی ئەبەن بۆ خۆیان. لە هەمان کاتدا هیچ یاسایەک بۆ ئەم گروپە نیە.** ئەم گروپە لە پەرە سەندان. تازە دروست بووگن و خەریکە بە خەیرایی گەورە دەبێت. لایەنی زۆری ژنان کە لە شارو شارۆچکەکان ڕۆژانە هجوم دێنن بۆ کار کردن." لە یەکێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی خوراسان کە لە

ڕۆژی ٢٢ ئەسفەند بڵاو بووەتەوە ئەم وتارە چاپ کراوە: "ماندویەتی لە ڕوخساری شەپۆلی دەدا، مەچەکی بە شتێک بەستبوە. هەر کە ئەگاتە بەرەوە، کەلوپەلەکەی لە گۆشەیەک دادەنێت و جلی ئیش کردن لە بەر دەکات، لە خاوەن ماڵ دەپرسێت کە چی بکات. شوشە پاک کردنەوە، دیوار شۆردن، شۆردنی فەرش و پەتوو. وەک هەموو ڕۆژەکانی تر دەست بەکار دەبێت. جۆری کارەکە و چی ئەبێ بکات بۆ ئەوە زۆر گرنگ نیە. گرنگ ئەوەیە کە کارەکە زوو تەواو کات و بە دەستی پڕ بڕواتەوە بۆ ماڵ.... ژیانی کورت کراوەتەوە لە کار کردن هەر لە بەرە بەیان تاکو ئێوارە، پاڕانەوە لە خاوەن خانوەکەی بەڵکو تا سەری مانگ مۆڵەتی بداتو کرێی خانوەکە دوا بخات. شەو دەناڵێنیت بە ئێشی پشت و دەستەوە... لێی دەپرسم: بۆ کار کردن لە ماڵاندا چەند وەردەگریت؟ جوابم ئەداتەوە: ڕۆژێ ١٠هەزار تمەن کە ٢ هەزار تمەنی ئەدەمە شرکەتەکە. بەڵام لە ڕۆژەکانی سەری ساڵ و نزیکی نەورۆزدا ڕوژانە ١٥هەزار تمەن وەردەگرین کە ٣هەزار تمەنی ئەبێ بدەم بە شرکەت. لێ دەپرسم: بۆ؟ فاتمە کە دەڵێت ٥٠ ساڵ لە تەمەنی تێپەڕیوە، جوابم دەداتەوە: لە بەر ئەوە کە ئەمە ڕێو نەریتە، ئەوان دەڵێن ئەبێ ٣هەزار تمەن پورسانت بدەن و ئێمەش ئەڵێن بە سەر چاوان. لێ دەپرسم: تۆ بەو تەمەنەوە لە ماڵان کار دەکەیت؟ ئەڵێت: بەڵێ کە کار دەکەم. هەر کاری کە ڕێک کەویت دەیکەم، گرنگ ئەوەیە کە بتوانم خەرجی خۆم و منداڵەکانم پەیدا کەم. ئیستا ٢ حەفتەیە کە وەک پەرستار کار بۆ ژنێکی پیر دەکەم لەم کارەش ڕازیم چون سەواوی هەیە و لە لایەکیشەوە بە مانگێ ١٥٠هەزار تمەن ئەتوانم بڕێک لە قەرز و قۆڵەکانم بدەمەوە. ئەڵبەت لەم ١٥٠هەزار تمەنە ١٠-١٥هەزار تمەنی وەک پورسانت ئەدەم بە شرکەتەکە. بەڵام دیسان لە خودا بە زیاد بێت شوکر بۆ ئەوە کە کارم هەیە و شەرمەندەی منداڵەکانم نیم..."

**ژنانی کرێکار، سەرپەرشتی بنەماڵە،**

ئەگەر لە گوزاشتی سەرەوە ورد بینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو مەسلەیە پەیوەندی هەیە بە تاقمێک لەو ژنانەوە کە بەرپرسی هەمە لایەنەی بنەماڵە و بەخوێو کردنی خێزانەکەیان لە ئەستۆیانە. لە ئێراندا ئەم ڕۆژانە ژن گەلێکی زۆر هەن کە بەرپرس و تەنیا نان دەر هێنەری بنەماڵەن. هۆی بەرپرسییەتی ئەم ژنانە، ئەتوانێت مێرد مردن، تەڵاق، یا هەڵ هاتنو (کە ئەمەش ئەتوانێت هۆی جۆراوجۆری هەبێت) یەک کەوتوویی میردەکانیان بیت. بەم دەستە لە ژنانی کرێکار ئەتوانین بڵێین **سەرپەرشتی بنەماڵە.** لە ڕاپۆرتێکدا کە لە ژێر ناوی " گزارشی از وضعیت زنان سرپرست خانواده در ایران" لە (آژانس ایران خبر - ۱۳۸۹/۲/۴ ) بڵاو بووەتەوە هاتووە:

"ئاماری فورمی ڕێکخراوەی چاکەسازی ژینگە بۆ ساڵی ۸۵ بەیانی دەکات: « لە سەرژمێری ساڵی ۱۳۷۵، بەرپرسیایەتی بە خێو کردنی یەک میلیون و ۳۵هەزار بنەماڵە لە ئەستوی ژن بوو، بەڵام ژمارەیان لە ساڵی ۱۳۸۵دا بەرز بووەتەوە بۆ یەک میلیون و ۶۴۱هەزار کەس، لە کاتێکدا ئەگەر بڕیار بوایەت ڕەوەندی بەرزبونەوەیان وەک ساڵەکانی پێشوو بوایەت ئەبوایەت ئەم ژمارەیە لە ساڵی ۸۵ لە وڵاتدا یەک میلیون و ۲۰۰هەزار ژن بوایەت.... کە چی زیاتر لە ۵۰ لە سەد ئەو بنەماڵانە کە ژن سەرپەرشتیان دەکەن بەشێکن لە هەژارترین گروپی کۆمەڵگا، ژمارەیە ئەو بنەماڵانەدا کە پیاو سەرپەرشتیانە لە سەدا ۱۶یە."

**ئەگەر ڕاستی بوونی ژنانی بە سەرپەرشتی بنەماڵە لە ئێراندا ڕاستییەکی باوەڕ پێکراوە، سەرەڕای ئەوە کە ڕەژێمی دژ بە ژنی کۆماری ئیسلامی لایەنگیری یاسا کۆنەکانی سەردەمی سەدی ناوەڕاست دەکات و ئەیەوێت بە پێی ئایینی ئیسلام بیان گونجێنێت و بیان پارێزێو جێبەجێیان کات، ژنانی سەرپەرشتی بنەماڵە لەو مافانە کە پیاوانی سەرپەرشتی بنەماڵە بەر خوردارن بەرخوردار نین.**

**له بەر ئەوە کە جێگە وپێگەی مەدەنی و کۆمەڵگایی ئەم ژنانە وەک سەرپەرشتی بنەماڵە لە لایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامیەوە، دانی پیا نەراوە. بۆ نمونە ئەم ژنگەلە تەنانەت ئەگەر لە یەک کارخانە و لە ژێر یەک برمیچدا و بە پێی یاسا لە گەڵ پیاواندا کار بکەن، مافی وەرگرتنی حەقی منداڵیان نیە. بی مافی ژنان تا رادەیەکە کە هەرچەند سەرپەرشتی منداڵەکانیان لە ئەستۆیان بێت، هێشتا مافی جێبەجێ کردنی هیچ کارێکی سادەی ئیداری، وەک کارو باری بانکی بۆ منداڵەکانیان پێنەدراوە، بۆ جێبەجێ کردنی ئاوا کارێک ئەبێت بڕۆنە دادگاە کات و ساتێکی زۆریان لە ڕێگای بورۆکراسی ئیداریەوە بە فیڕۆ بڕوات تا دادگا بڕیار بدات ئەتوانن یان نە.** بە گشتی ژنانی سەرپەرشتی بنەماڵە لە ڕژیمی دژ بە ژنی کۆماری ئیسلامیدا ستەمگەلێکی تایبەتیان هەیەو پێویستە هەلومەرجی ژیانیان لێکۆڵینەوەی تابەتی لەسەر بکرێت.

بەڵام بۆچی تەڵاق؟ بۆچی پەککەوتووی پیاو لە خێزانی کرێکاریدا و یان هەڵهاتنو زندان ڕۆیشتنی پیاو؟ بۆچی تەنانەت مردنی پیاو ئەبنە هۆی ئەم کارەساتە نالەبارانە بۆ ژنان؟

ئەوەی کە ڕاستیە، لێکۆلینەوە لە سەر هەرکام لەمانە ئەتوانێت زۆربەی ڕاستیەکانی ژیانی کرێکاران وەدەرخاتو پەیوەندنی ئەم ڕاستیانە بە گرژی چەوسانەوەی کرێکارانو هەژاریو بەدبەختیەکانی تریان کە بە بۆنەی دەسەڵاتی سیستەمی سەرمایەداری داوێنی زۆربەی مەردمی ئێرانی گرتوە پیشان دات. ڕاستی ئەمەیە کە **سەرمایەدارەکان چون تەنیا لە فکری زیاد کردنی سودی خۆیانن لە پێناوی پشتیوانی هەمە لاینەی کۆماری ئیسلامیدا، بێ لە بەر چاو گرتنی داهاتووی ژیانی کرێکاران، تا دوا دڵۆپی شیرەی گیانیان دەمژن و هەر لە بەر ئەمەیە کە ئەوەی کە ناشیاوە ڕۆ ئەداتو بەدبەختیەکان یەک لە دوای یەک ڕوو دەکەنە ناو خێزانی**

**کرێکاران. پەککەوتووی زوو ڕەس یان مردنی لە ناکای کرێکاری پیاو یان تێکچونی دماریان، پەنا بردنە بەر موادی ئێعتیاد هێنەر هتد، هەموو سەرچاوە دەگرن لە هەلومەرجی گرژو زاڵمانەیەک کە بە هۆی بوونی سیستەمی سەرمایەداری لە ئێراندا پێکهاتوو. لە ئاوا بارودۆخێکدا ژمارەی ژنانی سەرپرشتی بنەماڵە ڕۆژ لە ڕۆژ لە زیاد بووندایە.**

لە ڕاپورتێکدا لە ژێر ناوی "زنان زحمتکش چگونه کار می‌کنند؟ چگونه زندگی می‌کنند؟ (سارا صدیق - ١٨ فروردین ١٣٨٩، کەلە بڕێک سایتە ئنترنتیەکاندا بڵاو کراوەتەوە) **ژنانی سەرپەرشتی بنەماڵە ئاوا وەسف کراون: "بە پەلەو چالاکانە کار دەکات. زۆر لاوازە. ڕوومەتی تەنیا پیستە لە سەر ئیسقان، ڕەنگی دەموچاوی ڕەش داگەڕاوەو وەک دەموچاوی زۆربەی ژنە زەحمەتکێشەکان پڕە لە لەکە. هەرچەند لە بنەوادا میهربانە بەڵا زوانێکی توندو تیژی هەیە. حەز ناکات بێلایەن بکرێت و یان بە چاوی سوک وەک نۆکەرو کلفەت سەیری کەن..."** هەر لەم گوزارشتدا لەو ژنەیان پرسیوە: میردەکەت چیدەکات؟ وەڵامی دەداتەوە: بێکارە و نەخۆش. "پێشتر پاسەوانی بینایەک بوو. ژیانمان خراپ نەبوو. بەڵام ٤ ساڵ پێشتر شوێنی ژیانی ئێمەیان کردە دوکان و دایان بە کرێ. وتیان ئیتر پاسەوانمان پێویست نیە لەو کاتەوە تا ئیستا بێکارە و دەماری تێک چووە. کۆڵێ داودەرمان دەخوات. ئیتر ناتوانێت کار بکات. لەو وەختەوە تا ئیستا من کار دەکەم." لە ڕاپورتەکەدا وا دەر دەکەوێت کە ئەم ژنە لە مەدرسەیەکدا خەریکی ئیشی پاکوخاوێن کردنەوەیە و موچەی مانگانەکەی ٢٨٠هزار تمەنە کە لەم پارەیە بری ٢٠٠هزار تمەن ئەدات بە کرێی خانوو، واتا ئەم مانگانەیە بەشی ژیانی ئاسای بنەماڵەکەی و مێردە نەخۆشەکەی ناکات، هەر لە بەر ئەمە ناچارە کە دوای کاری مەدرسەکە "لە

کاتژمێری ٤ ئێوارەوە تا ٩ شەو لە ماڵاندا کار دەکەم. ئەڵبەتە لە ماڵی خەڵکی ناسراودا. هەموو جارێکیش دە پانزدە تمەن وەردەگرم"

لە ئەساسدا پەیوەند لە گەڵ ژنانی سەرپەرشتی بنەماڵە، "ژنێک مێردەکەی لە دەست داوەو ساڵەهایە کە هەم دایک و هەم باوکە بۆ منداڵەکانی. مێردی یەکێکیتر چەند ساڵە بنەماڵەکەی بە جێ هێشتوە، ئەم ژنە خۆی لە ئاو و ئاگر دەهاوێژی تا بنەماڵەکەی ئابڕوومندانە بژین... یان مێردی یەکێکیتر دو ساڵ پێش لە داربەست کەوتە خوارەوەو زەوینگیر بوگە و ناتوانێت هیچ بکات، ژنەکەی ناچارە کە بۆ ئەوە خێزانەکەی بژێنێت کار بکات. هەر کام لەمانە چیرۆکێکی غەمناکیان هەیە." ئەمانەی سەرەوە لە ڕاپۆرتێکدا لە ژێر ناوی "فصل هائی از کتاب زندگی پر رنج زنان سرپرست خانوار" کە لە ڕۆژنامەی خوراسان لە ٢٢ اسفند ١٣٨٨ بڵاوە بوەتوە هاتوو. هەر لە هەمان شوێندا سەبارەت بە ژنێکی کرێکار دەنوسێت "ژنێکی ڕەش پۆشە، سێ مانگی فەروەردین ساڵە ڕۆژی جوانەمەرگە ٢٣ساڵانەکەیەتی کە لە تێکهەڵچونی ماشیندا تیاچووە. ئەم ژنە ئەڵێت: ئیستە جگە لە خەرجی خۆم و منداڵەکانم و مێردە پەک کەوتوەکەم، خەرجی کوڕەزاکەشم لە ئەستۆی منە." هەر وەها سەبارەت بە ژنێک بە ناوی سوهەیلا تەمەن ٢٧ ساڵە نوسراوە: " خۆی دەڵێت مێردەکەم هەر کارێک دەکات نایگرێت بۆی. ماوەیەک پارەیەکی قەرز کردو دوکانێکی گرت بە کرێ سەوزەی دەفرۆشت، بەڵام کارەکەی نەیگرتو بە کۆڵێک قەرزو قۆڵەوە دوکانەکەی هەڵپێچا. ماوەیەک گەڕا بە شوێن کاردا، تا لە هۆتێلێک کاری دۆزیەوە. لێرەشدا بە هۆی ئەوەوە کە بەیانیان درەنگ ئەچێتە سەر ئیش دەریان کرد. دەیان کاری تا ئیستا گۆڕیوە بەڵام هیچ سودێکی نیەو ڕۆژ لە ڕۆژ قەرزەکانی زۆرتر دەبێت. ناچار بووم کە خۆم کار بدۆزمەوە و ئەوە چەند ساڵە کە

خۆم کاردەکەم تا خەرجی خێزانەکەم دەر بێنم و بڕێک لە قەرزەکانی مێردەکەشم بدەمەوە."

ئەو ژنە بە دوایی دا دەڵێت: "ئەبێت پارەی گیرفانو سیگارەکەشی بدەم ئەگەرنا نایەڵێت بڕۆمە سەر کار"

"نایەڵێت بڕۆمە سەر کار" - ئەمەش لە کاتێکدا کە "خۆی" کار ناکات و تێچوونی بنەماڵەکەی لە ئەستۆی ژنەکەیە. سەرەڕای ئەم سەبارەت بەم ژنە کە چەند ئەم ژیانە ڕاستە یان نە، بەڵام ئەگەر بە چاوێکی وردەوە سەیری کارەساتەکە بکەین فەرهنگی پیاوسالاری بە دەسەڵاتمان بۆ دەردەکەوێت؛ ئەم پرسیارەش قیت دەبێتەوە، کە **لە ڕاستیدا لە کۆمەڵگای ئێران چە قودرەتێک ئەم هەموو مافەی بە پیاو داوە تا لە ماڵدا ئەو دەبێت دیاری بکات کە ژن چی ئەتوانێت بکات و چی ناتوانێت بکات؟ وەڵامەکەی زۆر ڕوونە: هۆی ئەم دەسەڵاتە بوونی ڕژیمێکە کە خۆی پارێزەری فەرهەنگی پیاو سالاریە، کە سیستەمی سەرمایەداریە وابەستە حاکم بە سەر وڵاتدا دەیپارێزێتو ئەم مافانەی خەڵات کردەوە بە پیاو. لە سەر ئەوتۆ فەرهەنگێک زۆربەی ژنان خۆیان خوارتر لە پیاو دەزانن و ئەم بە مافی پیاو دەزانن کە فەرمانڕەوای ماڵەوە بێت.** لێرەدا پێویست دەکات کە هەر لەم گۆشەوە چەوسانەوەی دوو لایەنەی کرێکارانی ژن بکەوێتە ژێر لێکۆڵینەوە و چەوسانەوی ڕەگەزی زۆرتر باس بکرێت.

# بەشی ٤

## نمونەی هیندیک لە ستەمە ڕەگەزیەکان کە

## بە سەر ژندا داسەپاوە

ئەو ستەمە دولایەنانە کە بە سەر ژناندا داسەپاوە بەم شێوەیە ئەتوانین شی کەینەوە، ژنانی کرێکار لە ڕاستێدا جارێک وەک کرێکار شان بە شانی پیاوانی کرێکار واتە هاو چینەکانی خۆیان ستەم دەبیننو جارێکیتر لە بەر ئەوە کە ژنن ئەچەوسێنەوە. ئەم دوو جۆرە ستەمە بە ناوی **ستەمی ڕەگەزی** ناو دەبەین. گرنگ و ئەساسیە لێرەدا ئاماژە بکەین بۆ خاڵێک وە ئەوەش، **ستەمی ڕەگەزی، لە مێژووی گۆمەڵگای مروڤایەتیدا، هەموو کاتیکت** نەبووە؛ **سەرهەڵدانی ئەم دیاریدە دەگەڕێتەوە بۆ پەیدا بوونی خاوندارێتی تایبەتی و دابەش کردنی کۆمەڵگا بە چینە دژ بە یەکەکان.(١)** لەم بارەیەوە ئنگلس بۆ بایخدار کردنی وتارەکانی مارکس لە ساڵی ١٨٤٦، دەنوسێت: **"یەکەمین ڕوبەڕو بونەوە کە لە مێژوودا سەری هەڵدا نزیکە لە ڕوبەڕوی لە نیوان ژن و پیاوو هەڵبژاردنی ڕێو نەرتی یەک ژنەیە و یەکەمین ستەمی چینایەتی نزیکە لە ستەمێک کە نیرینە دایسەپان بە سەر ژندا.** یەکژنە پیشکەوتنێکی مەزنی مێژوویی بوو. بەڵام لە همانکاتدا، لە گەڵ کۆیلەداری و پێکهەوەنانی دارایی مەزنی تایبەتی چاخێ دەستی پێکرد کە تا ئەمرۆکە بەردەوامە، لە هەمان کاتدا هەر چەشنە پێشکەوتنێک دواکەوتنێکی هەژمارەیە؛ لەم چەشنە پێشکەوتنانەدا ئاسایشو حەسانەوەی گروپێک بە بەهای دابەزین و بەدبەختی

گروپێکیتر تەواو دەبێت " (فردریش انگلس، "منشاء خانواده، مالکیت خصوصی و دولت"، صفحه ۹۴ ترجمه رفیق مسعود احمدزاده). ( پێویستە کە شیکەینەوە لێرەدا مەبەست لە بنەماڵە "یەکژنەیی"، تەنیا مارەکردنی ژن و پیاو وەک ژن ومێرد و جووت نیە- کە پێش لە پێکهاتنی خاوەنداریەتی تایبەتیش هەر بووگە، بەڵکو بە ووتەی ئنگلس "ئەم چەشنە بنەماڵەیە لە پێناو دەسەڵاتی پیاودا پێکهاتووە." – سەرچاوەی سەرەوە، لاپەڕەی ۸۸). هەر وەک بینیمان **مێژووی ستەم کردن بە ژن نزیک دەبێتەوە لە کاتی پێکهاتنی کۆمەڵگای چینایەتیەوەو ڕیشەکەی ئەبێ لە پێکهاتنی کۆمەڵگای چینایەتی و داگیر کردنی ئامرازە سەرەکیەکانی بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی لە لایەن چینی چەوسێنەروە بە واتەیەکیتر خاوەنداریەتی تایبەتی لە سەر ئەم ئامرازانە بدۆزینەوە.**

ستەم لە ژن یان ستەمی ڕەگەزی، بە درێژای مێژووی کومەڵگای چینایەتی و لە گەڵ فەرهەنگێکدا شێلراوە کە لە هەر دەورەیەکی مێژوویدا شێوەو شێوازی تایبەتی خۆی هەبووە بەڵام بە گشتی ئەتوانین بەوە بڵێین فەرهەنگی پیاوسالاری. **فەرهەنگی پیاوسالاری، فەرهەنگێکە کە چ لە شیوازی فێر کردنی ئاینی و چە لە شێوەکانیتردا، ستەمی ڕەگەزپەرستی لە سەر ژنە وە بۆ گونجاندنی و یارمەتیدانی پیاوسالاری بەکار گیراوە.**

ئەمڕۆ لە ژێر دەسەڵاتی سیستەمی سەرمایەداری وابەستەی حاکم بە سەر وڵاتدا ( سیستەمێک کە چۆنیەتی جوڵانەوەی سەرمایە لەودا لە بەرژەوەندی سەرمایەی ئنیحیساری جیهانیدا دیاری دەکرێت) ئێمە شایەتی بوونی ڕەژیمێکی ئاینی دژ بە ژنو پارێزەری بەرژەوەندی ئەوتۆ سیستەمێکین، ئەم ڕەژیمە، بۆ سەرکوت کردنی

ژنان و لەم بوارەوە سەرکوت کردنی کۆمەڵگا لە بەرژەوەندی و پارستن و پەرە پێدان و هێشتنی سەرمایەداری وابەبەستە لە ئێراندا فەرهەنگی پیاوساری هەڵبژاردوەو کەڵکی لێوەردەگرێت، ئەمە بە گشتی چاخی کۆن و چەرخی ناوەڕاستو دەورانی عەتیقمان وەبیر دەخاتەوە. بەڵام دەسەڵاتی ئاوا فەرهەنگێکی کۆنەپەرستانە لە کۆمەڵگاداو هەڵسو کەوتی ڕەژیمی کۆماری ئیسلامی بە سود وەرگرتن لەم فەرهەنگە دژ بە ژنە، لە کاتێکدا کە ژن بە چەشنێکی بەربەڵاو بەشداری دەکەن لە بەرهەمەکانی کۆمەڵگادا (یان لە ترمێکیتردا، لە دۆخی ڕۆیشتنە ناو بازاری کارەوە) هەر وەها لە بەرچاوگرتنی هەموو پێداویستیەکانی ئەم ڕاستیە، شوێنەوارێکی زۆر نا گەوارا و خراپی لە کۆمەڵگادا هەیەو گرفتێکی زۆری بۆ ژنان و بە تایبەت ژنانی کرێکار و رەنجدەر دروست کردەوەو بنەماڵەکانیانی خستوەتە ناو ڕەنج و هەژاریەکی زۆرەوە. هەر لەم دۆخەدا ڕووبە ڕووی چەند نمونەتر لە چەوسانەوەی دولایەنەی لە سەر کارێکارنی ژن دەبینەوە کە لە پێناو فەرهەنگی کۆنە پەرستانەی پیاوسالاریدا جێبەجێ دەکرێتو ئەبێت لە سەریان بدووین.

یەکێک لە نمونەکانی ستەمی ڕەگەزی پەیوندی لە گەڵ کار و ژیانی ژنانی کرێکاردا کە فەرهەنگی پیاوسالاری گونجانویەتی **نەبوونی متمانە کارە** بۆ ژنانی کرێکار. ئەمرۆ یەکێک لە ڕاستیەکانی کە زۆر جێگای نگرانیو مەترسیە نەبوونی متمانەی کاریە چ بۆ پیاو و چ بۆ ژن، دەرکردنی بە کۆمەڵی کرێکاران ڕۆژانە لە پەرەسەندایە، ئەم مەسەلە بە توندی هەڕەشە لە بنەماڵە کرێکاریەکان دەکاتو هۆی سەرەکی لە ناوچونی پەیوەندیەکانی بنەماڵە و ڕوخاندنیانەو هۆیێکیتر بۆ سەر هەڵدانی کارەساتی ناگەوار لە ئەندامانی بنەماڵە بە تایبەت منداڵانە. لەم نێوانەدا کرێکارانی ژن لە مێژەوە یەکەمین قوربانی دەرکردنەکانن. هەروەها ئەمڕۆ ئێمە شایەتین کە

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆ لە ناوبردنی گرفتی بێکاری لە سیستەمی سرمایەداریاندا بەردەوام خەریکی پیادە کردنی تەرحی جۆراوجۆرن، **تەرحی کەم کردنەوەی کاتی کار کردنی ژنان** یەکێکە لەو تەرحانە. جێگای بایەخە کە کاربەدەستانی ڕژێم ئەم جۆرە تەرحانە لە سەر قوربانی کردنی ژنانی کرێکار بۆ لە ناو بردنی گرێکوێرەی بیکاری پێشنیار دەکات وە ئەم کارەی خۆیان لە هەلو مەرجی پیاوسالاریدا هەر بەو فەرهەنگە بە پەسند کراوو گونجا دەزانن. ئەم مەسەلەیە بە هاوردنەوەی نمونەیەک باشتر دەردەکەوێت: "ژنێک کە لە کارخانەیەکی دەرمان دروست کردندا کاری دەکرد و هندێک خوێندەواری هەبوو وە سەرپەرشتی بنەماڵەکەی بوو دەیگوت: لە کارخانەدا لە گەڵ کەسێک ناکۆکێم نیە. تەنانەت کارخانەکەمان شوێنی ڕاگردنی منداڵی هەیە. گرفتی من کە ڕەنگە گرفتی کەسانیتریش بێت یاساکانی وەزارەتی کارە، کە بەردەوام لە گۆڕاندایە و ئیستا هەمووومان نیگرانی یاسای کەم کردنەوەی کاتی کارکردنی ژنانین، ئەم یاسایە ڕەنگە کە ئێمە هەمووومان بێکار بکات. سرووشتیە کە خاوەن کار چون ئەوە ئەتوانێت پیاو بکرێ بگرێت کە دوو کاتژمێر لە من زۆرتر کار دەکات گرێبەستەکەی من تازە ناکاتەوە. حەقیەتی ...بۆ هەر بەو پارەیە دوو کاتژمێر کاری کەمتری بۆ بکەین."( من یک کارگر زنم، جرم این است- ١٠ اردیبهشت ١٣٨٩، سایت دانشجو نیوز).

هەر وەک دەبینین، **کاربەدەستانی ڕەژیم لە ڕاستیدا، بەم تەرحانە نە تەنیا دەرفەتی کارکردن لە ژنان دەستێنن بەڵکو هەلێ دروست دەکەن تا بتوانن زۆرتر ژنە کرێکارەکان بێکار کەن، بەڵام ئەمە لەبەر ئەوەیە تا بە سەپاندنی فەرهەنگی کۆنە پەرستانەی پیاوسالاری ئیسلامی ژنەکان کاتێکی زیاتر بە ئەنجام دانی کارو باری ماڵ و بە خێو کردنی منداڵ بەکار بێنن؛ هەر وەها لە سەر یاساو فێرکراوەکانی ئیسلام، بە دەم ڕاستیەوە دەڵێن جێگای ژن ماڵەو بۆ ئەبێ ژن لە دەرەوی ماڵ**

**کار بکات!** ئەم وتارانە، نوێنەرانی مەجلیس، ئەندامانی کمسیونی دادپەروری و هتد بەردەوام و قیزونانە دوپاتی دەکەنەوە.

ئەمەش ئەبێ بزانین کە بێ کار کردنی ژنان کاتێ دەستی پێکردە کە ژنان لەوەی کە **هەموو کارێکیان بۆ ناشیاوە** لە ڕەنج و ئازار دان. هەر وەک دەزانین ڕژێمی دژ بە ژنی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرتای پێکهاتنیەوە بۆ پاساو کردنی ئەو بوحرانانەی کە داوێنگیری بووە، دەر کردنی ژنی لە کارخانە گەورەکانی لە بەرنامەی خۆیدا گونجاند و لە تەواوی ئەم ساڵانەی ژیانی نەنگینی خۆی تا ئەو جێگا کە بۆی گونجاوە بەربەستو پەرژینی بۆ کارکردنی ژنان داناوە.

لە لایەکیتریشەوە، **تەنانەت ئەمرە سروشتیەکان وەک دووگیان بوون و یان شوکردن بۆ کچان جێگای مەترسین بۆ ژنان کە کارەکەیان لە دەست بدەن، ئەم لە کاتێکدایە کە دۆزینەوەی کار بە کەمترین موچە دژوارە.** لە کارگە بەرهەم هێنەرەکاندا کە لە ژێر پۆششی یاسای کاردان، خاوەن کار بۆ ئەوە تێچوونی شوێنی ڕاگرتنی مندال و یان پشوو دانی کاتی منداڵ بوون نە کەویتە ئەستویان باشتر وادەزانن کە ئەو کچانە کە شویان نەکردوە بە کرێ بگرن. هەر لە بەر ئەمە هەر چەند بوون بە دایک تێکەڵە لە گەڵ شادی و سروردا بۆ ژنان زۆربەی ژنە کرێکارەکان لە بەر ئەوەی کە بێکار نەکرێن نیگران و دڵە ڕاوکەیانە. ئەمانە نمونەگەلێکن لە ناشیاوی و بەربەستی کار بۆ ژنان کە زیاتر لە پیاو کەوتونەتە ژێر مەترسی بێکاریەوەو زیاتر لەو شوێنانەدا کار دەکەن کە مافەکانیان هەمە لایەنە پێشێل دەکرێت.

به ڕاستی له بهر ئهم ڕاستیانه دژواره كه بزانین بۆ چی له كارگاه دهنهفهریهكاندا زیاتری كرێكارهكان ژنن؟ یان بهمه بزانین كه بۆ ژنانی كرێكار زیاتر لهو كارخانانهدا كه كهمترین مافی به ڕواڵهت نوسراو له یاسادا له بهر چاو ناگیرێیت كار دهكهن؟ مهسهلهكه ئاشكرایه، لهم شوێنانهدا یان له كارگا دهنهفهریهكاندا خاوهن كار ئهو پاره كه ئهبێ تهرخانی كات بۆ كاتی دووگیانی ژنو دوایش بۆ له دایك بوونی منداڵ به بههای فشار و رهنج به سهر بنهماڵهی كرێكارندا، ئهخاته گیرفانیهوه.

له چهشنهكانی تری ستهم له كرێكارانی ژن پهیوهند له گهڵ فهرههنگی پیاو سالاری له كۆمهڵگادا، پێویسته لێرهدا به دوو نموونه ئاماژه كهین.

**ئازار و به كارهێنانی ڕهگهزی:** "دیمهن"ێكیتری'١' فهرهگنی پیاو سالاری، ئازاری ڕهگهزیه كه خۆی له شوێنی كار و كوڵان و جادهدا ئاشكار دهكات. ئهم دیاریده له میژهوه له ئێران ههبووه، **ههر وهها ئهوهی كه ڕاستیه جیا كردنهوهی كچ و كوڕ له یهكتر له ناو كۆمهڵگادا بهربهستی ئازادی جلو بهرگ بو ژنان و داسهپاندنی له بهركردنی "حیجاب" به ژنان كه دهست كهوتی كۆماری ئیسلامی كه به پێچهوانه تبلیغی بۆ دهكهن و گومان دهبن له زیاد كردنی ئازاره ڕهگهزیهكان نهقشێكی گهورهی ههبووه.** له بنهوادا له فهرههنگی پیاوسالاریدا، نهتهنیا ژن وهك پیاو ئینسان ئژمارده ناكرێت بهڵكو وهك شتێك كه تهنیا بۆ سكس بهكار دێت تهماشا دهكرێت. له سهر ئهم باوهڕه چهوته ئازار دانی ژن له شوێنی كار – چ له لایهن خاوهن كارهوهو چ له لایهن پیاوانیترهوه – ههمیشه یهكێك له گرێكوێرهكانی ژیانی كرێكارانی ژن بووه. **ئهبێ له ئهساسدا ئاگادار بین كه بۆ ژنێك كه خۆی**

**به خاوەن شەرف و کەسایەتی دەزانێت، لە بەر ئەوە کە نە وەک ئینسان، ئینسانێک بەرابەر بە پیاو سەیر ناکرێت، بەڵکو وەک ئامرازێک بۆ سکس سەیری دەکەن، چەندە هەستی سوکایەتیو بچوکی دەکاتو پیاو ناتوانێت ئاوا هەستێکی هەبێت.** ئازاری ڕەگەزی کرێکارانی ژن لە شوێنی کارداو لە پانتای جیهاندا پەرەی سەندوە و گرنگی ئەم دیاریدە تا ڕادەیەکە کە کنوانسیونی ١١١ ڕێکخراوەی جیهانی کار، ئێش و ئازاری ڕەگەزی و بە کار هێنانی گرژی لە شوینی کارکردندا وەک بەشێک لە هەلومەرجی نەبوونی متمانە کاری تەبەقە بەندی کرد. دیارە کە ئێشو ئازاری ڕەگەزی، یەکێک لە چەوسانەوە دوولایەنەکانە کە کرێکاری پیاو نە تەنیا دووچاری نیە بڵکو خۆشی ڕەنگە دەرحەق بە ژنانی هاوکاری بە کاری بێنێت- هەر چەن کرێکارێکی پیاو کە توشی ئاو تاوانێک دەرحەق بە هاوکارەکەی خۆی (ڕەگەزی مێینە) دەبێت ڕەنگە لە ڕووی نەزانیەوە ئەوە بە تاوان نەزانێت.

کرێکارانی ژن لە ئێراندا ڕووبە ڕوی گرفتێکی گەورەن بە ناوی **بەکار هێنانی ڕەگەزی.** لە گەڵ پەرەسەندنی زیاتری سیستەمی سەرمایەداری لە ئێراندا ساڵەهایە کە ژنانی گەنج لە کاتی دۆزینەوەی کاردا یا لە دوای ئەوە کە وەک کرێکار وەرگیران خاوەن کارەکان بێشرمانە داوایان لێ دەکەن کە سکسیان لە گەڵ بکەن یان بە واتەیەکتر پەیوەندی "نا مەشروع"یان لە گەڵ هەبێت. سەبارەت بەمە زۆربەی ئەوانە کە بە جۆرێک لە گەڵ کارخانەو شوینە بەرهەم هێنەرەکاندا سەروکاریان هەیە، ئاگادارنو هەرکامیان بە جۆرێک ناوی لێوە دەبەن. بەربلاوی ئەم چەمکە کە لە ڕاپورتە کارگەریەکاندا بە جۆرگەلی جیاواز باسو ئاماژەی بۆ کراوە. بۆ نمونە لە ڕۆژنامەی ئێران ژمارەی ٢٢٠٦ ڕۆژنامەوانێک بە ناوی شەرارەی کاکاوەند لە

بارەیەوە دەنوسێت: **" ژنەکان لە بەر فشاری کەم و کەسری ناچارن دەبن کە یان بەڵێ بڵێن بۆ بڕێک لە خاوەن کارەکان وە یان ئەو فشارە بە هەموو سەرڕای شوێنەواری دەرونی و ڕەوانی قەبووڵ کەن. بۆ نمونە ٦٨ لە سەد (خاوەن کارەکان) پێشنیاری پەیوەندی نا مەشروع بەو ژنانە دەدەن کە خوازیاری کارن.** لە گوزارشتی شیوا نەزەر ئاهاریشدا لە ژیر ناوی "زنان در بازار کار ایران"،١١ اردیبهشت ١٣٨٨، لە لایەن کچێکی کرێکارەوە هاتووە: خاوەن کارەکەم موعتا بوو. قسەکانی زۆر ئازاری دەدام. ئەیوت تۆ زۆر جوانی، شوخ و شەنگی، کچێکی ئەفغانیش هەبوو کە نزیکی زۆری لە گەڵ هەبوو. پێکەوە دەڕۆیشتنە ژووریک**!** یارمەتی ئەو کچەی زۆر دەدا**!"**

ئەم دیاریدە کە پیاوانی چەوسێنەر هەمیشە تێکۆشاون تا بە بەکارهێنانی ڕەگەزی لە ژنان کەڵک وەرگرن شتیکی تازە نیەو لە میژە کە هەیە، بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ دەرفەتی داوە بە خاوەن کار تا لەم دیاریدە کەڵکی زۆرتر وەرگرێت، بارو دۆخی بێکاریەو بەرز بوونەوەی نرخی بژیوی خەڵکە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەرە سەندندایەو هۆکەشی بوحرانێکە کە داوێنگیری سیستەمی سەرمایەداریە. بەرزبونەوەی بێکاری لە هەلومەرجێکدا کە دۆخی ژیان و بەرز بوونەوەی نرخی تێچوونیو پەرە سەندنی هەژاری و بێ دەسەڵاتی، هەلێکی وای روخساندوە کە پیاوانی چەوسێنەر لە بەرابەر وەرگرتنی کرێکار یان بە واتەیەکیتر پێشنیاری کار بە کرێکارانی ژن لە بەر ئەوە کە بگەنە هەدەفە شەرم هێنەرەکەیان، وە بڕێک لە ژنان ئەمە قەبووڵ دەکەن. پیویست دەکات لە مامۆستای ڕاستەقینەی پرۆلتاریای جیهان لینین کە تا ئەمڕو لە ژێر ڕق و قینی بۆرژوازی و نوکەرکانیاندایە چەمکێ

بووترێتەوە کە باشترین ڕوانگە و دەردناکترین دۆخ سەبارەت بە کۆمەڵگای سەرمایەداریو ژیانی چینە هەژارەکان، بەتایبەت چینی کرێکار تێدا دەدرەوشێتەوە:

**"کۆمەڵگای ئیستای سەرمایەداری، مەوردگەلێکی زۆر لە هەژاری و ستەمی لە دەرونی خۆیدا شاردوەتەوە؛ مەواردێک کە لە پلەی یەکەمدا ناکەوەنە بەر چاو. لە باشترین کاتدا، بنەماڵە بڵاوپش کراوەکانی مەردمی هەژاری شار نشین، پێشەوەرو کرێکار، کاربەدەستانی ژێر دەستە لە نێو هەژاری و گرفتارییکی باوەڕ پێنەکراودا دەژین، ئەمانە بە دەگمەن دەتوانن تێچونی ژینی خۆیان پەیدا کەن. ملیونها و ملیونها کەس لە ژنان لە ئاوا خێزنێکدا وەک "کۆیلە" دەژین. (یا، هیچ نە بێت هەن)؛ بۆ پەیدا کردنی خواردەمەنیو چلو بەرگی خێزان، وە بۆ بژیوی ڕۆژانەیان لە ڕوی ناچاریەوە لە "پاشەکەوت" یان هەر چ جگە لە کارەکەیان تا دوا پنی کەڵک وەردەگرن.**

**ئەمانە ئەو ژنانەن کە سەرمایەدارەکان بە کەیف و مەیلێکی فەراوانەوە وەک کارەکەری نێو ماڵ هەڵیان دەبژێرن؛ کرێکارگەڵێک کە بۆ موچەیەکی زۆر کەم ئامادەی هەر کارێکن تا بۆ خۆیان و خێزانەکەیان، بۆ پارووێەک نان "تۆزێکیان لێ بمێنێتەوە". لە نێو ئەم ژنانەدا کە سەرمایەدارەکانی هەموو وڵاتان (لە ڕاستیدا هەر وەک خاوەن کۆیلەکانی سەردەمی کۆن و زەویندارەکانی دەورانی فئودالیتەی سەدەکانی ناوەڕاست) بۆ لە گەڵدا خەوتن بە "مەنتقی"ترین بەها وەریان دەگرن. هیچ اندازەیەک لە "توورەی ئیخلاقی" پەیوەند لە گەڵ 'داوێن پیسیدا' (کە لە هەر ١٠٠ کەس ٩٩ کەسیان خۆپیشاندەرە) توانای ئەوەی نیە تا لە بەرارنبەر ئەم تیجارەتەی لەشی ژندا کارێ بکات؛ چون کۆیلەی موچەی هەیە، فرۆشی لەش**

**ناچار هەر دەبێت ببێت. هەموو چینەکانی بن دەست و ستەم لێکراو بە درێژایی مێژووی کۆمەڵگای ئینسانی، هەمیشە بە زۆرە ملی وادار کراوون (و هەر لێرەدایە کە چەوسانەویان دروست دەبێت) تا یەکەم کارەکەیان و دوهەم ژنەکانیان بۆ سکس کردن لە گەڵ ئەربابەکاندا، بنە ئیختیاری پیاوانی چینی بە دەسەڵات. بەردەداری، فیئودالیزمو سەرمایەداری لەم بارەیەوە یکسانن. تەنیا چونیەتی چەوسانەوە جیاوازە؛ بەڵام چەوسانەوە هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە."** (سرمایەداری و کار زن"-منبع: مجموعە آثار لنین، ویرایش چهارم بە انگلیسی، انتشارات پراگرس، مسکو،١٩٦٥، جلد ٣٠، ص. ٣٧١-٣٧٢، برگردان: آرمان پویان).

بەم جۆرە، چون سیستەمی سەرمایەداری و کۆیلەداری لە بوون دایە، لەش فرۆشیش لە ڕووی ناچاریەوە دەبێت ببێت؛ لە ئاوا مەرجێکدایە کە ئژماردە کردنی ژن وەک کاڵا بۆ بەکارهێنانی سکسی شوێنەواری مادیی پەیدا دەکاتو لە فەرهەنگی پیاو سالاریدا هەر لەم بارەیەوە ڕەنگو ڕوویکی بە هێزتر دەگرێت. بەلام تێرامانی ئاوا بۆچونێک لە کۆمەڵگادا، شوێنەواری زۆر خراپ لە سەر ژیانی ڕۆژانەی ژنان بەتایبەت ژنانی کرێکار و داماوی کۆمەڵگا دادەنێت. بۆ نمونە هەر وەک دەبینین، کە یەکێک لەو **شوێنەوارە کە پەیوەند لە گەڵ ڕوانگەی فەرهەنگی پیاوسالاری لە سەر ژن وەک کاڵا بۆ بەکارهێنانی سکسی، بە سوک سەیر کردن، جنیو، سوکایەتی پێ کردنو تەنانەت ئازار دانی لەشی ئەو ژنانەیە کە تەڵاقیان سەندوە.** چاک دەزانین کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر بە سوکی سەیری ئەو ژنانە دەکرێت کە تەڵاقیان سەندووە، ئەم ڕۆژانە ئەمە بارێکی گرانە لە سەر شانی ژنان و بەتایبەت ژنانی بنەماڵە هەژارەکان. دۆخی ژیان بە جۆرێکە کە ژنانی کرێکارو چەوساوە لە

بەر ئەوە کە بە "سوک سەیر" نکرێن، هەر چەشنە ناڕەحەتیو کردەوەیەکی ناشیرین لە پیاوەکانیان قبووڵ دەکەن. ئەم ژنانە هەموو چەشنە زوڵمێک لە میردەکانیان قبووڵ دەکەن لە بەر ئەوە وەک تەڵاق دراو ئەژمارده نەکرێنو پیاوان بە چاوی سوک سەیریان نەکەنو نەتوانن قسەی ناشیرینی سکسییان پێ بڵێن، یان بە شێوەگەلێکیتر ئازار نەدرێن. لەم بارەیەوە نمونە زۆرن. بۆ نمونە بەسەرهاتی ژنێک کە "لە بەر بێ کەسی لە تەمەنی ١۶ساڵیدا شوو دەکات و لە مێردە موعتادەکەی جوێ نابێتەوە تا سێبەری پیاوێک لە سەر سەری بێت". هەر وەک دەبینین لە کۆمەڵگای سەرمایەداریو لە دۆخی دەسەڵاتی پیاو سالاری لە ئێرندا، چاوە ڕوان کردنی ئەوە کە ژن بەرابەر بێت لە گەڵ پیاو یان خاوەن سەر بە خۆی بێت، وەک خەون و خەیاڵ وایە. لە کاتێکدا بوونی "سێبەری پیاو لە سەر ژن"، وەک "چاکەیەک" ئەژمارده دەکرێت. لە مەوردێکی تردا دەبینین: "ژنێک... لە مێردە کراکیەکەی جیا بوەتەوە، بەڵام هێشتا دوای دەساڵ تەنیایی کەس نازانێت کە ئەو ژنە مێردی نیە، لە بەر ئەوە خەڵک وابزانن کە پیاوی هەیە کەوشی پیاوانەی جوت کراو لە پشت دەرگاکەی دادەنێت، بە کردەوەیە دەمی دەراوسێکانی بەستووەو وا دەزانن کە ئەو ژنە شووی لە ماڵەو تەنیاو بێ کەس نیە. ١٠ ساڵ لەمو پێش ماڵی مەردمی پاک دەکردەوە، خرابترین ڕوژی ئەو ڕۆژە بوو کە ئەو پیاوە پیرە کە ئەم پەرستاری بوو مرد..." (ڕەستەکانی نێوان ""لە: "من یک کارگر زنم؛ جرم این است"- ایلنا، ١٠ اردیبهشت ١٣٨٩)یە. ئایا ئەم ڕاستیانەی سەرەوە بەشێک لەو سەتەمی دوو لایەنە نیە کە ئەکرێت لە ژنە کرێکارەکان وە بە گشتی چینەکانی ژێر دەستی نێو کۆمەڵگا؟

با سەیرێکی ئەو ستەمانە بکەین کە بە بۆنەی دەسەڵاتی فەرهەنگی پیاو سالاریو بە هۆیانەوە داب و نەریت ئەم فەرهەنگە بە ژن ڕەوا دەبینرێت، بکەین:

"بە بڕوای زوهرە و نەسرین، سەختترین و ئازار دەرترین کار ئەمەیە کە کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ ماڵ لە کاتێکدا ماندوو هیلاکن دەبێت کارەکانی ماڵیش ئەنجام دەن، ئەو فەرمانانە کە لە لایەن باوکو براکانیانەوە دەر دەچێت جێ بە جێ بکەن. "..." لێرە لە کۆڵان و پەس کۆڵانەکانی خەیام و بازار، لە ناو خانوە کۆنە پترکاوەکانی لای خواروی تاران، لە نێو پارچەو تۆز و خۆڵو دەرزی و چەرخی خەیاتی، ژن و کچ گەلێک لە بەیانی زووەوە تا شەو لە نێو پارچەدا ئەبەنە سەر. ژن و کچ گەلێک کە لە تاریکو ڕوشنی بەیانەوە دێنو تا تاریکی شەو بە لەشێکی ماندوو کوتراوەوە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵ بۆ خەوتن. چ خەوێک؟ ئەگەر کارەکانی ماڵ وەک چێشت دروست کردن، جلو بەرگ شۆردن، پاکو خاوێن کردنەوە، وازیان لێ بێنێت.( "زنان در بازار کار ایران"،١١ اردیبهشت ١٣٨٨- درج شده در سایت ویژه روز جهانی کارگر).

ئەوەی کە لێرە کەوتوەتە بەر سکاڵاوە، زیاتر کارەکانی ناو ماڵە، کە لە ئەستۆی ژنانی کرێکارە و ئەمەش تەنیا لە بەر ئەوەیە کە ئەوان ژنن. بە داخەوە هێشتا لە ئێراندا، ئەم باوەڕە نە بە چەشنێکی بەر بڵاو لە نێو ژنانو پیاواندا هەیە کە کاری ماڵ ئەرکی ژنە و هەر دەبێت ژن بیکات؛ ئەگەر پیاو جامو پیاڵە بشورێت، ماڵ پاکو خاوێن کاتەوە، یان منداڵ داری بکات، ئەو پیاوە کاری "ژنانە"ی کردوەو لە پیاوەتیەکەی کەم دەبێتەوە. ئەم فکرو باوەڕانە کە چەوتنو ڕاست نین، پەیوەندیان هەیە بە دەورانە کۆنەکانەوە. ئەم ڕۆژانە بەشداری کردنی ژنان لە کاری بەرهەم دار لە دەرەوی ماڵدا لە گەڵ هەندیک ئاسنتر بوونی کاری نێو ماڵ سنوری بەینی کاری ژنانە و پیاوانە تێک داوە و ناتوانین سنوریان بۆ دانێن.

ڕاستی ئەوەیە کە لە سیستەمەکانی پیش سەرمایەداریدا، کارەکان، یا بە واتەیەکیتر، ئەو ئەرکانە کە ئینسانەکان بۆ بژیوی خۆیان ئەبوایەت جێبەجێیان بکردایەت، کرا بوو بە دوو بەشەوە، بەشێکی کاری پیاوانە و ئەو بەشەکەیتر کاری ژنانە بوون. لە سەر ئەم بنەوایە، کاری ناو ماڵ وەک "کاری ژنانە" پێناسە کراو ئەرکی ژنان بوو، ئەو کارانەش کە لە دەرەوە ئەکرا وەک "کاری پیاوانە" پیناسە کرا بوو و ئەبوایەت پیاو بیکردایەت. بەڵام لە گەڵ پێش کەوتنی سەنعەت و تیکنۆلۆژیدا لە سیستەمی سەرمایەداریدا، دۆخی کۆمەڵگا هەلومەرجێکی پێک هێنا کە دابەش کردنی کار بە کاری ژنانە و کاری پیاوانە بۆ پەیداویستیەکانی ژیان لە نێو چووو ئیتر ئەم جۆرە واژەگەلە نە تەنیا واتایان نیە بەڵکو نیشانەی دواکەوتووی ئەوانەیە کە ئیستاش بە کاری دێنن. ئەڵبەت ئەم دۆخە تا کاتێک کە بە (ووتەی ئنگلس) " بنەماڵەی وەک تاکەی ئابووری کۆمەڵگا" ئەژماردە دەکرێت، بەر قەرار دەبێت. سەبارەت بە چەمکی سەرەوە، ئاوڕدانەوە بۆ مێژوو بۆ زانینی ئەم دیاریدە پێویستە. بە جۆرێک کە لێکۆڵینەوەکانی ئنگلس پێشانی ئەدات، لە کۆمۆنە سەرەتایەکاندا، کە پێش پێکهاتنی خاوەنداریەتی تایبەتی یان دوژمنایەتی چینەکان لە کۆمەڵگادا بەم جۆرە بووە: **"لە بنەماڵەی کۆمۆنی کۆندا کە بریەتی بوو لە جوتگەلێکی زۆرو منداڵەکانیان، جێبەجێ کردنی ئەرکی ماڵ لە سەرشانی ژن بوو، ئەم ئەرکە بەرابەر بوو لە گەڵ ئەرکی پیاو کە جێبەجێ کردنی سەنعەتە گشتیەکان و پەیدا کردنی خوراک بوو. ئەم دۆخە لە گەڵ پێکهاتنی بنەماڵەی باوک سالار- وە بنەماڵەی تاکە و یەک هاوسەری – تێکچوو. جێبەجێ کردنی کارەکانی ناو ماڵ واتەی گشتی خۆی لە دەست دا ئیتر ئەرکێکی کۆمەڵ نەبوو، بەڵکو بوو بە ئەرکێکی تایبەتی. "** (کتاب "منشاء خانواده، مالکیت خصوصی و دولت" - صفحه ۱۰۴، ترجمه رفیق مسعود احمدزاده).

**جێگای خوشحاڵیە کە نەسڵی ئەمڕوی ئێران لە گەڵ کارو باری ناو ماڵ وەک باپیرانی خۆیانو و نەسڵی کۆن، بەرخورد ناکەنو بەتایبەت زۆربەی کچان وەک ژنانی کۆن کاری ناو ماڵ وەک کارێکی ژنانە ناناسنو بە ئەرکی خۆیانی نازانن. بەهای ئەم چەشنە بیر کردنەوە لەوەدایە کە ئەم نوکتە ڕاگەیەنەری ئەوەیە کە بیرو بۆ چوونی تازەو پیشکەوتوانە لە نێو لاوانی ئەمڕودا بوونی هەیە.** لە زۆربەی ئەو گوزارشتانەدا کە سکاڵای کچە کرێکارەکانەوە دەردەبڕێت، ئەم چەشنە بیر کردنەوە تیشک ئەداتەوە و سەلمێنەری ئەم ڕاستیانەیە. بۆ نمونە لە گوزارشتی "زنان در بازار کار ایران"،١١ اردیبهشت ١٣٨٨، وتاری کچێکی لاوی کرێکار دەخوێنینەوە: "بۆ کاتێ ئێمە بەم هەموو ماندویەتیەوە دەگەڕێنەوە ماڵ، ئەبێت چێشت بۆ براکان و باوکمان دروست بکەین، جلوبەرگەکانیان بشورین، فەرمانەکانیان جێبەجێ بکەین، وە تا ئەمانە تەواو نەبن ناتوانین بخەوین، ڕۆژی دوایش سەر لە نوێ ئەمانە دو پات دەبنەوە؟ "..." نسرین دەڵێت: "ئەگەر لە ڕاستیدا عەداڵەت هەیە، ئەبێت براکانی ئێمەش وەک ئێمە کاری ناو ماڵ بکەن، بەڵام هەمیشە ئێمە کارەکانیان ئەکەین." هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد تا کاتێک سیستەمی سەرمایەداری دەسەڵاتی کۆمەڵگای بە دەستەو بێت، وە "بنەماڵەی تاکە کەسی وەک ئەندازیاری ئابووری کۆمەڵگا" ئەژماردە بکرێت، ئەم گرفتەگەلە ڕیشەکەن نابن. بەڵکو تەنیا دوایی نابوودی سیستەمی کار مزەیی وە گۆڕینی خاوەنداریەتی تایبەتی بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمدا بۆ خاوەنداریەتی گشتیو پێکنیانی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستیە کە لە پرۆسەیەکدا، کاری مزەیی پرۆلتاریا لە ناو دەچێتو کاری ماڵیش ئەبێتە سەنعەتێکی گشتی. لە ئاکامدا ئنسانەکان بە بی بیر کردنەوە لە ڕەگەز کارو باری ناو ماڵێش وەک پێشەکانیتر ئەنجام دەن. ئەنگلس لە هەمان کتێبدا کە لە سەرەوە باسمان کرد، دەڵێت: لە گەڵ خاوەنداریەتی بەرابەر و گشتی ئامرازەکانی بەرهەم

هێنان، بنەماڵەی تاکە، ئیتر ئەندازیاری ئابووری کۆمەڵگا نیە.ماڵداری تایبەتی ئەگۆڕێتو وەک سەنعەتێکی گشتی لێدێت. فیرو پەروردە کردنی مندال ئەبێتە کارێکی گشتی. کۆمەڵگا با لە بەرچاو گرتنی بەرابەری، هەموو منداڵەکان- بێ ئەوە کە بایخ بدەن بە ئەوە کە ئەو منداڵە ئاکامی جووتێکی مارەکراوە یان نە- بە خێو و پەروەردە دەکات"(لاپەڕەی ١٠٧، هەمان سەرچاوە).

لە ئەنجامدا، پێش لەوە کە هەموو چەمکەکانی ئەم نوسراوە، بەیان کەین، **پێویستە ئاماژە بکەین بۆ خەباتی پاڵەوانانەی ژنانی کرێکار بۆ گۆڕینی هەلومەرجی جەهەنەمی خۆیان و لەم بارەیەوە ئیشارەیک بکەین بۆ "خۆ پیشاندانی مەزنی ژنە کرێکارەکان"، کە لە لایەن ئەندام سەرکردایەتی "یەکیەتی ژنانی سەرتاسەری وڵات" بە ناوی محبوب نژاد کرا. لەوێدا هاتووە "محبوب نژاد ڕایگەیاند: کرێکارانی ژن لە ئێراندا بۆ پاراستنی مافەکانی خۆیان بە تاوانگەلێک وەک وەرنەگرتن بۆ کار، بێکار کردن ڕووبە ڕوون، سەرەڕای گیرو گرفتەکانیان لە بەرانبەر هەر چەشنە پێشێل کردن مافەکانیان گرژ دەوەستن و خەبات دەکەن."**
(ایلنا، ٧ اردیبهشت ١٣٨٩)

بە پاڵپشتی بەم ڕاسیانەوەیە کە بە پێکهاتنی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی کاری مزەیی پرۆلتاریا لە نێو دەچێت، سرنجاتان بۆ کورتە کۆکراوەی خوارەوە ڕادەکێشم. هەموو ئەو ڕاستیانە کە پەیوەند لە گەڵ چەوسانەوەی فەراوانی کرێکارنی ژن بە شێوەگەلی جۆراوجۆردا هەبوو ڕاگەیەنەری بێ شک و گومانی ئەوەن کە ڕزگاری کرێکارانی ژن لەو چەوسانەوی دوولاینە، ئەمڕۆ وەک پێداویستێکی گرنگ لە کۆمەڵگادا زەقو پێویستە. بەڵام **کرێکارانی ژن بێ ئەوە کە یەکگرتن و هاوکاری**

**لە گەڵ کرێکارنی پیاودا، بێ خەباتێکی گرژ و لێبڕاو، دژ بە سەرمایەدارەکانو هەموو سیستەمی سەرمایەداری حاکم بە سەر ئێراندا، ناتوانن خۆیان ڕزگار کەن. ئەم ڕاستییەکە کە ڕزگاری هەموو کرێکاران ڕەنجبەر ئێمە – چ ژن و چ پیاو لە چەوسانەوەی ستەمی بێژمارەی سیستەمی سەرمایەداری حاکم، لە گرەوی بێدەسەڵات کردنی سەرمایەدارەکان، واتە لە نێو بردنی خاوەنداریەتی تابەتی ئەوان بە سەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی گشتی دایە، واتە، کرێکاران چ ژنو چ پیاو تەنیا بە دامەزراندنی سوسیالیزم ئەتوانن ئاسایش و ئازادی و سەربەخۆی لە ئێراندا وە دەست بێنن.** ئەبێت لە سەر ئەم ئەمرە پێداگرین کە **مرۆڤایەتی بە تێکۆشانی کرێکارنی قارەمانی ڕوسیە لە پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی لە وڵاتەکەی خۆیاندا دەست کەوتێکی پڕ بەهای وەدەست هێناوە.** هەر چەند سوسیالیزم بە هۆی جۆراوجۆرەوە لە سۆڤیەتدا نەیتوانی درێژە پەیدا کات، بەڵام بە دامەزراندی ئەم سیستەمە ئابووریە – کۆمەڵایەتیە سەلمێندرا کە ئەگەر ئاوا سیستەمێک ڕاستەوخۆ لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی زەحمەتکێشەکاندا بێت، ئەتوانێت بەرژەوەندی ژنانی کرێکار و لە نێو بردنی هەر چەشنە چەوسانەوەیەک لە سەرەوەی بەرنامەکانی خۆیدا بگونجێنێت. هەر وەک **دەوڵەتی سوسیالیستی سۆڤیەت لە سەردەمی لینیندا یەکەمین و تەنیا دەوڵەتێکی سوسیالیستی بوو لە جیهاندا کە نە تەنیا هەموو یاسا کۆنە شەرم هاوەرەکانی دژ بە ژنی لە ناو بردو بەرابەری ژن و پیاوی لە یاساکانی خۆیدا گونجاند، بەڵکو بۆ بەرابەری ڕاستەقینە لە هەموو بوارێکی ژیاندا لە نیوان ژن و پیاودا زۆر هەنگاوی گرنگی دانا.**

چ به پاڵپشتی زانستی مەرجەکانی ڕزگاری پرۆلتاریا واتە کمۆنیزم وە چ بە پاڵپشتی دەستکەوت سەرکەوتوەکانی مرۆڤایەتی لە ڕێگای خەبات بۆ لە ناو بردنی هەر چەشنە چەوسانەوە و ستەم بە ژنانی کرێکار، بە لێبڕانەوەی ئەبێ بڵێین تەنیا لە کۆمەڵگایەکی سوسیالیستیدایە کە مەرجەکانی لە ناو بردنی چەوسانەوە بە گشتی و ڕزگاری ژن نە تەنیا لە چەوسانەوەی چینایەتی بەڵکو لە چەوسانەوەی ڕەگەزی پێک دێت. کە وابوو **خەباتی شان بە شانی ژنان و پیاوانی کرێکار و زەحمەتکیش وە هەموو ژنان و پیاوانی چینەکانی بندەستو چەوساوەی ئێران دژ بە کۆماری ئیسلامی بۆ نابوودی سیستەمی سەرمایەداری وابەستە لە ئیراندا، هەم تەنیا ئیمکانێکە بۆ ڕزگاری لە مەرجە زۆر زاڵمانەکانی حاکمە بە سە کۆمەڵگاداو گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئازادی ئینسانی و هەم ئاوا خەباتێک ئەرکی سەرشانی هەموومانە.** با بە هەڵمەتو گرژی تێکۆشین تا لەم ڕێگا پیرۆزەدا پێش بڕۆین.

(1) هەر چەن لە سەدەی ١٨ دا چەمکی چەوسانەوەی ژن زەقو کەوتە بەر چاوی هەموو لایەنە بیرەوەرەکان لە ئرۆپادا، بەڵام چون لەو کاتەدا هەموو کەشفەکان سەبارەت بە بنەماڵە ئەنجام نەدرا بوو وە لە بنەواد شتێک بە ناوی مێژووی بنەماڵە بوونی نەبوو، بۆچون وابوو کە گۆیا ژن لە سەرەتاوە کۆیلەی پیاو بووە. بەم بۆچونە، بە داخەوە لەم دوایانەدا زۆربەی ژنانی خەباتکاری ئێران کە لە ژێر ئاسەواری بۆچونی فمنیستیدان باوەڕیان وایە؛ چەمک وابووە کە بەجۆرە دەیگێرنەوە کە لە ڕابووردودا، پیاوان دەڕۆیشتن بۆ ڕاو و ژنان لە بەر بەرهەمی نەسڵی و بە خێو کردنی منداڵ لە ماڵدا دەمانەوە، ئەم چەشنە دابەش کردنەی کار بوەتە هۆی سەرکی چەوسانەوەی ڕەگەزی. بەڵام ئەمە دروست نیە و شتێکی وا لە ڕاستیدا هەگیز نەبووە. نا دروستی ئەم بۆچونە، لە گەڵ پیشکەوتنی زانستە

جیاوازەکان لە سەدەی ١٩دا و ئاکامی لێکۆلینەوە زانستیەکان پەیوەند لە گەڵ مێژووی بنەماڵەدا لە نیمەی دووهەمی ئەم سەدەیەدا سەلمێندرا. ئنگلس لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەمە کە ژن، لە سەرتای کۆمەڵگادا، کۆیلەی پیاو بووە پێکەنین هاوەرترین بۆچونە کە لە دەورانی ڕوشنبیری سەدی ١٨دا گەیشتوەتە ئێمە. ژنان لە نێو هەموو وەحشیەکان و بەڕبەڕەکاندا- لە سەردەمی نزمو ناوەڕاستو بەرزدا- نە تەنیا جێگایەکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆیان هەبوو بەڵکو جێگا و پلەیەکی و بەرز و ڕێز لێگیراویان هەبوو". وە "خەڵکانی کە تەنیا لە ڕێگای ڕاو کردنەوە بژیو بکەن، لە بنەواد بوونیان نیە." ( فردریش انگلس، "منشاء خانواده، مالکیت خصوصی و دولت"، صفحات ٧٠ و ٣٣ ترجمە رفیق مسعود احمدزادە).

*:ئەم نوسراوەیە یەکەم جار لە ئوردیبەهێشتی ١٣٨٩دا لە بڵاوکراەی پەیامی فەداییدا بڵاو کراوەتەوە.

'١' چون دیمەن بە واتا موسبەت بوو لە کوردیەکدا ئێمە خستمانە ناو ""وە.